# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

ژمارە (٦٠)	٢٧٢٤ی کوردی	٢٠٢٤ی زایینی

# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

ژمــارە (٦٠) ٢٧٢٤ی کــوردی ٢٠٢٤ی زایینــی



سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی و خاوەن ئیمتیازی گۆڤار
حەمەسەعید حەسەن کەریم

سەرنووسەر:
**پ.د. کاروان عومەر قادر**

بەڕێوەبەری نووسین:
**د. پەخشان فەهمی فەرحۆ**

دەستەی نووسەران:
- **پ.د. قەیس کاکل تۆفیق**
- **پ.د. موحسین ئەحمەد عومەر**
- **پ.د. بەختیار سەجادی**
- **پ.د. فەرهاد قادر تۆفیق**
- **پ.ی.د. عەبدلواحید ئیدریس شەریف**
- **پ.ی.د. نەوزاد ئەسوەد ئەحمەد**
- **د. لەزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد**

دەستەی ڕاویژکاران:-
- **پ.د. میشێل لیزەنبێرگ**
- **پ.د. مارتن ڤان برونسن**
- **پ.د. جەلیلی جەلیل**
- **پ.د. ساڵح ئاکین**
- **پ.د. جەعفەر شەیخولئیسلامی**
- **پ.د. عەبدولڕەحمان ئەداك**
- **پ.د. هاشم ئەحمەد زادە**



http;//gov.krd/ka ISSN: 2520-4106 **هەولێر - شەقامی هەڵەبجە**

# ئامرازەکانی مامەڵەکردن لە بازاڕەکانی هەرێمی جەزیرەی فوراتی لەنێوان سەدەکانی ٣_٦ ك/ ٩ ز_١٢ز

## توێژینەوەیەکی مێژوویی- شیکارییە

پ. ی. د. شەهلە بورهان عبدالله
زانکۆی سەلاحەددین/کۆلێژی ئاداب-بەشی مێژوو
shahla.abdulla@edu.su.krd

دیلان کامەران نادر
زانکۆی سەلاحەددین/کۆلێژی ئاداب-بەشی مێژوو
dilan.kamaran25@gmail.com

**الملخص:**
بازاڕی شارەکانی هەرێمی جەزیرە، بە شێوەیەکی بەرفراوان، لە چالاکییە ئابوورییەکان بەهرەمەند بوون، و لە بازاڕەکانی ئەم شارانەدا دراوەکانیان لە زێڕ و زیو و مس دروست دەکران کە لە کارەکانی کڕین و فرۆشتندا بەکاریان دەهێنان، وەک دینار و درهەم، کە لە سەردەمی حوکمڕانە دەسەڵاتدارەکانی هەرێمەکە دروست کراون. ئەوەی شایەنی باسە، لە بازاڕەکانی جەزیرەدا نرخەکان جێگیر نەبوون و نایەکسان بوون و لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر و لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر لە گۆڕاندا بوون، کێش و پێوانەکانیش ڕۆڵێکی سەرەکییان لە مامەڵە ئابوورییەکانی بازاڕەکانی جەزیرەی فوراتیدا هەبوو.

کلیلەوشە: هەرێمی جەزیرە، بازاڕ، دراو، کێش و پێوانەکان، نرخ

پێشەکی

بـــازاڕ لــە شـــارەکانی هەرێمـــی جەزیـــرە لـــە لایەنـــی ئابـــووری و کۆمەڵایەتـــی و سیاســـی و ڕۆشـــنبیرییەوە ڕۆڵێکـــی گـــەورەی بینیـــوە و ســـەنتەرێکیش بـــووە بـــۆ ئاڵوگۆڕکـــردن، بـــۆ ئـــەم مەبەســـتەش دراویـــان بـــەکار هێنـــاوە کـــە لـــە نێـــو دراوەکان لـــە ســـەردەمێك بـــۆ ســـەردەمێکی تـــر و لـــە شـــوێنێك بـــۆ شـــوێنێکی تـــر جیـــاوازی هەبـــووە.

بێگومـان ئـەم کاڵایانـەش پێویسـتیان بـە فرۆشـتن هەبـووە هـەر یەکەیـان نرخێکـی تایبەتیـان بـۆ دانـراوە لـە بـازاڕدا، هـەروەك ئامـاژەی پـێ کـراوە، هەرێمـی جەزیـرە، زۆربـەی کات بـە هەرزانـی نرخەکـەی نـاسراو بـووە، هەریـەك لـەم کاڵایانـەش بەپێـی کێـش و پێوانـەی تایبـەت بـە خـۆی پێوانـە کـراوە.

هـۆکاری هەڵبژاردنـی ئـەم بابەتـە دەگەڕێتـەوە بـۆ حـەز و خوولیـای خۆمـان و ئـەم توێژینەوانـەی کـە لەسـەر ئـەم بابەتـە نـووسراون زیاتـر لایەنـی سیاسـییان لەخـۆ گرتـووە و کەمـتر باسـی لایەنـی ئابـووری کـراوە، کەمتریـش ئامرازەکانـی مامەڵـە داراییەکانیـان لـە بـازاڕدا لـەم هەرێمـەدا خراوەتـە ڕوو.

بـە پێویسـتمان زانـی ئامـاژە بـە شـیکردنەوەی ناوەڕۆکـی لێکۆڵینەوەکەمـان بکەیـن کـە لـە پوختـە و پێشـەکی و دەروازە و ســێ تــەوەرە و دەرئەنجــام پێــك هاتــوون. دەروازە، بــۆ لایەنـــی سیاســـیی هەرێمـــی جەزیـــرە ٣-٦ك/٩_١٢ز تەرخـــان کــراوە، لەتــەوەرەی یەکەمــدا ئامــاژە بــە کێــش و پێوانــە کـراوە، تـەوەری دووەم بـۆ دراوەکان تەرخـان کـراوە، تـەوەری سـێیەم بـۆ نرخـی کاڵاکان لـە بازاڕەکانـی هەرێمـی جەزیـرە لــە ســەدەی٣_٦ك/٩_١٢ز تەرخــان کــراوە.

لەکاتـــی نووســـینی ئـــەم لێکۆڵینەوەیـــەدا کۆمەڵێـــك ســەرچاوەی ڕەســەنمان بــەکار هێنــاوە، بــە پێویســتی دەزانیــن ئامـــاژە بـــە هەندێکیـــان بدەیـــن، لەوانـــە کتێبـــی "تاریـــخ الفارقــي"ی الفارقــي (٥٧٧ك/ ١١٨١ز مــردووە) لــە هــەر چــوار تەوەرەکــەدا بــە کارمــان هێنــاوە، هەروەهــا کتێبــی "احســن التقاســـم فـــی معرفـــة الاقالیـــم"ی المقدســـی (٣٨٧ك/ ٩٩٧ز مــردووە)، بــە هەمــان شــێوە لــە هــەر ســێ تەوەرەکــەدا بــە کار هاتــووە، جگــە لــە کتێبــی "الکامــل فــی التاریــخ"ی ابــن الاثیــر (٦٣٠ ک/١٢٣٢ز مــردووە). لــە دەروازە و تــەوەرەی یەکــەم بــە کار هاتــووە، هەروەهــا کتێبــی "ســفرنامە"ی نــاصر خــسرو (٤٨١ ک/ ١٠٨٨ز مــردووە). لــە دەروازە و تــەوەرەی یەکــەم و دووەمــدا بــە کار هاتــووە، ســەبارەت بــە ژێدەرەکانیــش ســوود لــە کتێبــی "مســکوکات قدیمــة اســلامیة قتالوغــی"ی اســماعیل غالــب وەرگیــراوە و لــە تــەوەرەی ســێیەمدا بــە کار هاتــووە. کتێبــی "الدرهــم الحمــداني المحفــوظ في المتحــف العراقــي"ی مهــاب درویــش البکــري لــە تــەوەرەی ســێیەم بــە کار هاتــووە.

**دەروازە:**

**لایەنـی سیاسـی لـە هەرێمـی جەزیـرەی فوراتـی سـەدەی ٣ - ٦ ک / ٩ - ١٢ ز**

بارودۆخـی ئـەم هەرێمـە بـە هـۆی هەڵکەوتـەی شـوێنی جوگرافــی، کـــە پێگەیەکـــی ســـنووری هەبـــوو لـــە نێـــوان دەوڵەتـــی بیزەنتیـــی لـــە لایـــەك و چـــوارچێوەی دەوڵەتـــی ئیســـلامی لەلایەکـــی تـــرەوە هەڵکەوتبـــوو (الاصطخـــری، ٢٠٠٤، ص٧١)، تـــا ڕادەیـــەك جیـــاوازی لەگـــەڵ هەرێمـــەکانی تـــر هەبـــوو، گۆڕەپانێـــك بـــوو بـــۆ شـــەڕ و ململانێـــی نێـــوان ئـــەم دوو دەوڵەتـــە.

هەروەهــا هەرێمــی جەزیــرە کێبەرکێیەکــی تونــدی بــە خــۆوە بینــی بــە هــۆی لاوازیــی خەلافەتــی عەباســی و کێشــە ناوخۆییـــەکان کـــە بـــووە هـــۆی ســـەرهەڵدانی چەندیـــن دەوڵەتـــی جوداخـــواز و هەڵگەڕانـــەوە و شـــۆڕش و کێشـــە دەرەکییەکانیشــی وەك شــەڕی بەردەوامیــان لەگــەڵ دەوڵەتــی بێزەنتــی تــەواو تەنگــی بــە عەباســییەکان هەڵچنــی بــوو. بــە هــۆی ســەرقاڵبوونی بــە کێشــە ئابــووری و سیاســییەکانییەوە، کـــە کاریگەریـــی نەرێنـــی لەســـەر دانیشـــتووانی ناوچەکـــە هەبـــوو.

بـــە هـــۆی لاوازیـــی خەلافەتـــی عەباســـی بـــووە هـــۆی ســـەرهەڵدانی چەندیـــن میرنشـــینی لەوانـــە میرنشـــینی حەمدانـــی لـــە ســـاڵی (٢٩٣ك/٩٠٥ز) لـــە شـــاری مووســـڵ، کـــە ســـنووری ئـــەم میرنشـــینە جگـــە لـــە مووســـڵ و دەوروبـــەری هـــەرێمی جەزیرەشـــی لـــەخۆ گرتبـــوو (ابـــن الأثـــیر، ١٩٧٨، ج٦، ص٦٣٩_٦٤٠). ســـەبارەت بـــە پەیوەندییـــان، حەمدانییـــەکان پەیوەندییەکـی سەقامگیریـان لەگەڵ دەوڵـەتی عەباسـی نـەبوو، هەندێـك جـار پەیوەندییـان بـاش بـووە و هەندێـك جاریـش خـــراپ بـــووە (ابـــن الأثـــیر، ١٩٧٨، ج٦، ص٧٥٢).

شایەنی باسە بیزەنتییەکان کە هاوسنووری عەباسییەکان بوونە، هەر کاتێك دەرفەتیان بۆ ڕەخسابا هێرشیان دەکرد بۆ سەر سنووری عەباسییەکان و دەسەڵاتی خۆیان فراوان دەکرد، عەباسییەکانیش بە هەمان شێوە بوون.

یەکێکی تر لەو میرنشینانەی کە لەم ماوەیە سەری هەڵدا، میرنشینی عەیشانی بوو کە لە ساڵی (٣٠٠ – ٣٥٠ ک / ٩١٢ – ٩٦١ ز) فەرمانڕەواییان کردووە. یەکەم میرنشینی کوردی بوو کە دامەزرا هەر یەك لە میر غانم و وەنددادی برای، فەرمانڕەوایی میرنشینەکەیان کردووە، شارەزووریش پایتەختی میرنشینەکە بووە (یاقوت الحموي، ١٩٩٥، ج٣، ص٣٧٥-٣٧٦).

یەکێکی تر لەو میرنشینانەی کە لە کۆتایی سەدەی سێیەم و سەرەتایی سەدەی چوارەم لە شاری دیاربەکر دامەزرا، میرنشینی مەروانی بوو کە لە ساڵی (٣٧٢_٤٨٧ك/٩٨٢_١٠٨٥ز) لە هەرێمی جەزیرە فەرمانڕەوایەتییان کردووە و پایتەختەکەیان شاری میافارقین بوو، یەکێك بووە لە سەرکەوتووترین میرنشینەکانی سەردەمی عەباسی، بە بەراورد بە میرنشینەکانی دی، لە لایەنی سیاسییەوە جێگیر بووە و کەمترین کێشە و ململانێی ناوخۆی هەبووە و لە سەرجەم میرنشینەکانی دی زیاتر گرنگی بە بوارەکانی شارستانێتی داوە (یاقوت الحموي، ١٩٩٥، ج٢، ص٤٩٤ ؛ أبن الاثیر، ١٩٧٨، ج٧، ص٤٠٢؛ زکی، ١٩٤٨، ص٩٥؛ التکریتي، ١٩٨١، ص٥٦-١٠٨؛ اسماعیل، ٢٠٠٥، ص٢٢٣-، ٣٢٨ ؛ یوسف، ١٩٧٢، ج١، ص٨٤-٣٢٥). دواتر، سنووری دەسەڵاتیان فراوان بوو دەستیان بە سەر شارەکانی جەزیرە لەوانە ئامەد و میافارقین و ئەرزەن و نوسەیبین و خەلات و حەسن کیفادا گرت(ابن الاثیر، ١٩٧٨، ج٧، ص٤٠٢؛ استانلي لین بول، ١٩٦٨، ص١١٦).

یەکێکی دی لەو هێزە سیاسییانەی لەم سەدەیە هاتە سەر شانۆی ڕووداوەکان، بنەماڵەی بوەیهییەکان بوون کە لەجیاتی دەوڵەتی عەباسی وڵاتیان بەرێوە دەبرد، سەبارەت بە حکومڕانییان لە نێوان ساڵانی(٣٣٤_٤٤٧ك /٩٤٦_١٠٧٥ز) فەرمانڕەوایەتییان کردووە (مسکویة، ٢٠٠٣، ج٦، ص١٣٨_١٤٢). بەڵام سیاسەتی بوەیهییەکان سیاسەتێکی لامەرکەزییان پەیڕەو دەکرد، ئەم سیاسەتەشیان بەتایبەت لە ناوچە کوردییەکاندا، کەش و زمینەی دروستبوونی میرنشینە سەربەخۆکان و نیمچە سەربەخۆکانی لێ کەوتەوە(مقریزي، ١٩٩٧، ج١، ص١٠١). سەبارەت بە پەیوەندیی میرنشینی دۆستەکی (مەروانیە) لەگەڵ بوەیهییەکان، زۆربەی کات پەیوەندییەکانیان باش بوو (الفارقي، ١٩٥٩، ص ص٨٦، ١٥٤؛ ابو الفداء، ١٣٢٥هـ ج٢، ص١٦٧؛ ئاکۆ بورهان محمد، ٢٠٠٨، ص٥٢).

سەبارەت بە سەدەی ٥ك/١١ز یەکێکی دیکە لەو میرنشینە کوردانەی لەم سەدەیە سەریان هەڵدا میرنشینی هەزبانییە (٣٨٧_٥٢٦ك/ ٩٩٧_١١٣٢ز) بوو کە (اربل) هەولێریان کردە پایتەختی خۆیان (ابن اثیر، ١٩٧٨، ج٩، ص ٥٤٩ ؛ احمد عبدالعزیز، ١٩٩٠، ص٥٢، اسماعیل، ١٩٧٠ز، ص١٤٧). نزیکەی سەدەیەکیش بەم شێوەیە دەمێننەوە، تا دواتر لەسەر دەستی ئەتابەگی (عیمادالدین زنکی) میرنشینەکەیان دەڕووخێت(د. عماد الدین خلیل، ١٩٨٥، ص٧٦).

یەکێکی دی لەو قەوارە سیاسییانەی کە لە سەدەی ٥ك/ ١١ز دەرکەوتن سەلجوقییەکان بوون لە نێوان ساڵانی (٤٤٨ ک – ٥٩٠ ک/ ١٠٥٥ – ١١٩٤ ز) فەرمانڕەواییان کردووە (الحسیني، ١٩٣٣، ص ٢_٣ ؛ محمد، ٢٠٠٦، چ٢، ل٩٥_٢٣٥).

سەبارەت بە سەدەی ٦ك/١٢ز ئەم سەدەیەش ژمارەیەک میرنشینی ناوخۆیی بە خۆیەوە بینی، جەزیرەی فوراتییش لەژێر دەسەڵاتی سەلجوقییەکان بوو بە هۆی کێشە ناوخۆییەکانیانە سیستەمێکی کارگێڕیی نوێی دانا کە بە سیستەمی ئەتابەگ ناسرا بوو [1].

یەکێک لە ئەتابەگەکانی بەناوبەنانگەکان لەو ماوەیەدا لە باکووری شام و جەزیرە، ئەتابەگی مووسڵ بوو لە ساڵی(٥٢١ ک / ١١٢٧ز)دامەزراوە کە دامەزرێنەری عیمادالدین زنکی بوو، هەروەها ئەتابەگی حەلەب کە لە ساڵی (٥٤١ ک / ١١٤٦ ز) دامەزراوە کە دامەزرێنەرەکەی نورالدین محمود زنکی بووە، پاشان ئەتابەگی شەنگال لە لایەن (عیمادالدین زنکی الثاني بن قوتب الدین) لە ساڵی (٥٦٦ ک / ١١٧٠ز) دامەزراوە هەروەها ئەتابەگەی جەزیرە لە ساڵی (٥٧٦ ک / ١١٨٠ز) دامەزرا (ابن اثیر، ١٩٦٣، ص٥٥).

ڕووداوێکی گرنگی ئەو سەردەمە، جەنگی خاچپەرستان

بــوو کــە لــە ســاڵی (٤٩٠ک / ١٠٩٨ز) ســەریهەوڵداوە کــەوا ناوچەکانــی جەزیــرەی فوراتــی گۆڕەپانــی جەنگەکانــی خاچپەرســتان (حــروب الصلیبیــة) بــوو، هەروەهــا لــە ســاڵی (٤٩١ ک/ ١٠٩٩ز)، یەکــەم میرنشــینی خاچپەرســتانیان لــە شــاری ڕوهــا لــە جەزیــرەی فوراتــی دامەزرانــد (ابــن الجــوزی، ١٩٩٥، ج١٧، ص٤٧).

هەروەهــا هەرێمەکــە لــە نیــوەی دووەمــی ســەدەی ٦ك/١٢ز دا شــاهێدی ململانێیەکــی دیکــە بــوو لــە نێــوان دەوڵەتــی ئەتابەگــدا، کــە تێــدا ڕۆژهەڵاتــی ئیســلامی بەگشــتی بــە هــۆی داگیرکارییەکانــی مەغۆڵــەوە بــوو بــە ناوچەیەکــی پەرتوبــڵاو و یەکڕیــزی و یەکســانی تێــدا نەمــا[٢]. هەروەهــا لــە ڕۆژهەڵاتــەوە، بــوو بــە ئامانجێکــی ئاســان بــۆ جەنگــی خاچپەرســتان (حمــدی، ١٩٥٠، ص١١٤).

**تەوەرەی یەکەم:**

**کێش و پێوانە:**

سیســتەمی کێــش و پێوانــەکان بــە هەمەچەشــنی و گۆڕانــی یەکەکانــی تایبەتمەنــد بــوو، ئــەم یەکانــەش لــە مامەڵــە دارایــی و بازرگانییەکانــدا گرنگییەکــی زۆری هەبــوو.

**یەکــەم/ کێشــەکان (الاوزان):** ئــەو یەکانــەی کێــش کــە بــە شــێوەیەکی بــاو لــە ناوچــە کوردییــەکان بــەکار دەهێــنران جیــاواز بــوون، لەوانــە "الرطل"[٣] کــە یەکێکــە لــە یەکەکانــی کێــش، کــە زۆرتریــن بەکارهێنانــی لــە ڕۆژهەڵاتــدا هەبــوو (هنتــس، ١٩٧٠، ص٣١). ئەمــەش بــۆ یەکەکانــی پێوانەکردنــی کێشــی مــاددە بچووکەکانــی وەک خــۆراک و دانەوێڵــە و هاوشــێوەکانیدا بــەکار دەهــات (ابي یوســف، ١٩٩٠، ص١٦٠). یــەک الرطــل-ی یاســایی یەکســان بــوو بــە دوازدە "اوقیــة" واتــە کیلــۆ و نیوێــک (هنتــس، ١٩٧٠، ص٣١).

کێشــەکان لــە شــارێکەوە بــۆ شــارێکی تــر جیــاواز بــوو، بــەو پێیــەی یــەک الرطــل لــە میافارقیــن یەکســان بــوو بــە چوارســەد و هەشــتا درهــەم، لــە کاتێکــدا یــەک الرطــل شــاری خــەلات یەکســان بــوو بــە ســێ ســەد درهــەم (نــاصر خــسرو، ١٩٩٣، ص ص٥٠- ٥٢). لەنێــو ئــەو "الرطل"ــە بیانییانــەی کــە لــە مامەڵــەی دارایــی و بازرگانیــدا بــەکار دەهێــنران، «الرطــل الظاهــری» هەبــوو کــە دەگەڕێتــەوە بــۆ نــاوی خەلیفــەی فاتمــی الظاهــر (٤١٠-٤٢٦ هـــ/ ١٠٢٠- ١٠٣٥م) (هنتــس، ١٩٧٠، ص٣٤). بەتایبەتــی لــە شــارەکانی هەرێمــی جەزیــرە (ابــن شــداد، الاعــلاق، ج٣، ق١، ص ص٢٧٠، ٣٠١).

ســەبارەت بــە "میثقــال"، یەکێکــتر بــوو لــەو کێشــانەی لــە سیســتمی دارایــی و بازرگانیــی ناوچــە کوردییــەکان بــە کار دەهێــنرا (ابــن الزبــیر، ١٩٥٩، ص٧٩؛ ابــن شــداد، ١٩٧٨، ج٣، ق١، ص٣٦٠). و میثقاڵیــش یەکســان بــوو بــە کێشــی حەفتــا و دوو دانەوێڵــەی گەنمــی قەبــارە مامناوەنــد (دیــاب واخــرون، ١٩٨٤، ص٩٣). وە کێشــی تــەواوی میثقاڵەکــەش خەمڵێــنراو بــوو بــە نزیکــەی چــوار گــرام (ابــن الرفعــة، ١٩٨١، ص٣٠٩).

لەنێــو ئــەو کێشــانەی کــە لــە هەولێــر بــەکار دەهــات "القنطار"(ابــن خلــکان، ١٩٧٧، مــج٤، ص١١٦) هەیــە کــە لەبنەڕەتــدا یەکســانە بــە ســەد رطــل و هەندێــک جاریــش بــە ســەد "المــن" یەکســان بــوو (هنتــس، ١٩٧٠، ل٤٠_٤٣.). لەوانــەش "الاوقیــة" کــە یەکەیەکــی کێشــە کــە لــە کێشــکردنی کاڵادا بــەکار دەهــات (ابــن شــداد، ١٩٩٣، ج٣، ق٢، ص٥٠٧). "الاوقیــة" حــەوت میثقالــە (المنــاوي، ١٩٨١، ص٣٧). و هەروەهــا "القیــراط"[٤] لــە کێشــەکانی بەکارهێــنراو لــە وڵاتــدا (الغســاني، ١٩٧٥، ص٤١٣.). یەکســان بــوو بــە ٢٠/١ میســقاڵێک، و زۆرجــار بــە چوار"حبــات" یەکســان بــووە (هنتــس، ١٩٧٠، ص٤٤).

**دووەم/ پێوانە (المکاییل)**

لــە مامەڵــەی دارایــی و بازرگانیــدا پێوانــە بــەکار دەهێــنرا، دیارترینیــان کیســەیە (کارة)یــە، کــە ئــەو پێوانەیــە دەفرێکــە کــە زۆرجــار بــۆ ئــارد و هاوشــێوەکانی وەك گەنــم و جــۆ و ئەوانــی دیکــە بــەکار دەهێــنران (ابــن حوقــل، ١٩٧٩، ص١٩٣). یەکێــک بــوو لــە پێــوەرە بــاوەکان لــە شــارە کوردییــەکان بــەکار دەهــات (المقــدسي، ٢٠٠٢، ص١٣١؛ مسکویة، ٢٠٠٣، ج٥، ص٣٤١؛ الفارقــي، ١٩٥٩، ص٨). کیســەیەک (کارة) گەنــم یەکســان بــوو بــە دووســەد چــل رطــل = ٩٧.٥ کغــم، و کیســەیەک جــۆ و نــۆک و نیســك یەکسان بــوو بــە دووســەد رطــل = ٨١.٢٥ کگــم، و کیســەیەک برنــج یەکســان بــوو بــە٣٠٠ رطــل = ١٢١,٨٧٥ کگــم (هنتــس، ١٩٧٠ ص٦٩).

"الکــر"[٥] یەکســان بــوو بــە ســی و چــوار کیســە(کارة) (الذهبــي، ١٩٨٦، ج١٥، ص١١٤). بــە شــێوەیەکی بــاو بــەکار

دەهێنرا (ابن خرداذبة، ١٩٨٨، ص٢٦_ ٢٧؛ الصابي، ٢٠٠٣، ص١٨٧). لەنێو ئەو پێوانانەی کە بەکارهێنراون بریتین لە "المكوك"[٦] (ايليا برشينايا، ١٩٧٥، ص٢٠٣؛ المقدسي، ٢٠٠٢، ص١٣١؛ الغساني، ١٩٧٥، ص ص٤١٣، ٤٣٥). کە یەکسانە بە پازدە رطل (المقدسي، ٢٠٠٢، ص١٣١؛ فهمي، ١٩٧٧، ص٤٠.).

سەبارەت بە "القفيز"[٧] یەکەیەکی پێوانە بوو لە وڵاتدا بەکار هاتووە (المقدسي، ٢٠٠٢ ص ص١٣١، ٢٨٧؛ ابن شداد، ١٩٩٣، ج٣، ق١، ص٢٨٢)، یەکسان بووە بە (٢٤٨ گرام، کە یەکسانە بە نزیکەی دوو گرام و نیو (عبدالرقيب يوسف، ٢٠٠١، **ج٢، ص٢٤٦).**

هەروەها "المن"[٨] جۆرێکی تری یەکەی پێوانەیە (.المقدسي، ٢٠٠٢، ص ص١٣١، ٢٨٧؛ ابن شداد، ١٩٩٣، ج٣، ق١، ص٢٨٢). کە بە بڕی ٣/١ی "المكوك"بوو، واتە نزیکەی دوو سەد و پێنج لیتر دەکات (هنتس، ١٩٧٠، ص٧٧). جۆرێکی تری پێوانە بوو لە سەرچاوە مێژووییەکان باسی کراوە، کە لە ناوچە کوردییەکان بە شێوەیەکی بەرفراوان بەکارهێنراوە و ئەویش "الجريب" (ابن خرداذبة، ١٩٨٨، ص٢٦- ٢٧؛ الفارقي، ١٩٥٩، ص ص٩٢، ١١٤- ١١٥؛ ابن شداد، ١٩٩٣، ج٣، ق١، ص ص٣٤٠، ٣٥٣). کە یەکسان بووە بە دە "القفيز" (هنتس، ١٩٧٠، ص٦١). بەو پێیەی یەك القفيز یەکسانە بە ٢٤٨٠ گرام، وەک پێشتر ئاماژەمان پێ دا، ئەوا دە القفيز یەکسانە بە ٢٤٨٠٠ گرام و ئەمەش مانای ئەوەیە کە یەك "الجريب" یەکسانە بە ٢٤ کگم و ٨٠٠ گم الجريب وەک یەکەکانی پێوانە بەکار دەهێنران کە درێژایی و پانییەکەی هەمان شت بوو(الصابي، ٢٠٠٣، ص٤٥١).

**تەوەرەی دووەم:**

**دراوەکان:**

دراو یەکێکە لە ئامرازە گرنگەکان بۆ مامەڵەکردن لە بازاڕدا، چونکە مێژووی هەر سەردەمێك لە ڕێگەی دراوەکەیەوە دەتوانرێت بناسرێتەوە. ئەو کانزایانەی کە دراویان لێ دروست دەکرا چەند جۆرێك بوون وەك(زێر _زیو_مس) (المناوي، ١٩٨١، ص ص٣٥_٣٦، ٥٢؛ هنتس، ١٩٧٠، ص٩_١٠ اشراق، ١٣٦٩، ص١٠_١٣؛ عزت، ٢٠٠٢، ص٢٢).

پێش دەرکەوتنی میرنشین و دەوڵەتەکان لەسەر گۆڕەپانی سیاسی ناوچە کوردییەکان، خەلیفەی عەباسییەکان نارەزاییان نەبووە لە دانانی ناوی دەسەڵاتدارەکان لەسەر ئەو پارەیەی کە لە ناوچەکانی سەر بە خۆیان لێ دەدران بە مەرجێك کە ناوی خەلیفە لە سەری بنووسرێت ئەم والییانە ناوی خەلیفەیان لە پێشەوەی نووسراوەکەدا لێ دا و دواتر ناوی فەرمانڕەوا سەربەخۆکە بە ناوی سوڵتانییەتەوە بۆ ئەوەی لەوانی دیکە جیا بکرێتەوە، و لەوێشدا بێگومان پارە بە سروشتی خۆی یەکێکە لە گرنگترینەکان لە مامەڵە داراییەکان لە بازاڕی شارەکانی جەزیرە.

دەتوانین بڵێین هەر کاتێک دەسەڵاتێکی سیاسی دەهاتە سەر شانۆی ڕووداوەکان دەسەڵاتی خۆی بە سەر شارە کوردییەکان دەسەپاند و دراوی تایبەت بە خۆیی دەردەکرد و لە وڵاتدا مامەڵەی پێ دەکرا. هەندێکیان ناوی خەلیفەی عەباسییەکانی لەسەر دراوەکان دەنووسی وەك شکۆیەك بۆ خەلافەتی ئیسلامی، بۆ نموونە میرنشینی حەمدانی کاتێك دەستیان بە سەر ناوچەکانی هەرێمی جەزیرە و باکووری شامدا گرت و دەسەڵاتی خۆیان بە سەردا سەپاند لە نێوان ساڵانی(٢٧٥_٣٨١ ک / ٨٩٢_-٩٩١ز) دراوی تایبەت بە خۆیان دەرکرد، وەک دەرکەوتنی سەروەری و سەربەخۆیی بۆیان (الدوري، ١٩٧٤، ص٢٥١ ؛ العزاوي، ١٩٨٥، ص٦٠ _٧٠).

سەبارەت بە یەکێك لە میرەکانیان کە ناوی میر (ناصرالدولة الحمداني بوو دەستی بە سەر دەسەڵاتی میرنشینی حەمدانیدا گرت، لە ساڵی(٣٣٠ ک / ٩٤١ز)لە شاری نوسەیبین پارەی تایبەت بە خۆی دەرکرد (المناوي، ١٩٨١، ص ص٣٥_٣٦، ٥٢؛ غالب، ١٣٢١، ص ٣٣٠). بە نووسینی دەستەواژەی "لا الە الا اللە" التوحيد، هەروەها نووسینی ناوی خەلیفە لەسەری (البكري، ١٩٧٨، ص٢٩). درهەمەکانی تری حەمدانییەکان دۆزرایەوە کە مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٣٣٤ ک / ٩٤٥ز کە لە شاری نوسەیبین لێی دراوە و ئەمانەی لەسەر نووسراوە (غالب، ١٣٢١، ص٣٣١). ڕووی پێشەوە لێی نووسرابوو: لا الە الا اللە وحدە لا شريك لە سيف الدولة ابو الحسن ڕووی پشتەوە لێی نووسرابوو: اللە محمد رسول اللە صلى اللە عليە وسلم المطيع اللە

نـاصر الدولـة ابـو محمـد. لـە سـەردەمی حەمدانییەکانـدا لـە شـاری نوسـەیبین دراولێـدان بـەردەوام بـووە کـە لـە بـەرواری جیـاواز و قۆناغـی یـەک لـە دوای یـەک لەخـۆ دەگرێـت (القلقشـندی، ١٩٨٧، ج٧، ص٩_١٠؛ غالـب، ١٣٢١، ص٣٣٠_ ٣٣٣؛ البکـري، ١٩٧٨، ص ٤١_٤٦).

هەروەهـا بۆمـان دەردەکەوێـت کـە لـە شـاری رأس العیـن لـێ دراون، درهەمەکانـی حەمدانـی کـە مێژووەکـەی دەگەڕێتـەوە بـۆ سـاڵی ٣٢٣ ک/ ٩٣٥ز وەک چـۆن لـە شـێوازیتری دراودا هەبـووە (صالـح، ١٩٧٩، ص ص٤٣، ٦٦).

یەکێکیـتر لـەو میرنشـینانەی لـەو سـەردەمە دەرکەوتـن میرنشـینی عەقیلـی بـوو کـە دوای ڕووخانـی حەمدانییـەکان بەشـێک لـە ناوچـەی جەزیرەیـان لـە سـاڵانی ٣٨٦_ ٤٨٩ك/ ٩٩٦_١٠٩٦ز بەڕێـوە دەبـرد میرەکەیـان کـە پێـی دەگوتـرا "جنـاح الدولـة" لـە شـاری نوسـەیبین دراوێکـی دروسـت کـرد، کـە خەلیفـە نـاوی خـۆی لەسـەر نووسرابـوو لەگـەڵ وشـەکانی ئامـاژە بـە یەکتاپەرسـتی و شـتی تـری لەسـەربوو (الکرملـی، ١٩٣٩، ص ١٢٦_١٢٧ ؛ المعاضیـدي، ١٩٦٨، ص١٧٦).

سـەبارەت بـە میرنشـینی مەروانییـش کـە لـە سـاڵانی ٣٧٣_٤٨٩ ک / ٩٨٣_١٠٩٦ز فەرمانڕەواییـان کـردووە لەوانـە میـر الممهـد الدولـة و میـر نصرالدولـة[٩] جگـە لـە ناوەکـەی خۆیـان، نـاوی میـری بوەیهـی و خەلیفـەی عەباسـی لـە سـەریان هەڵکەنـدراوە و ئەمـەش دەربڕینـی وابەسـتەیی فەرمییانـە بـۆ خەلیفـە وەک چـۆن لـە باقـی میرنشـینە کوردییەکانیشـدا هەبـووە (الفارقـي، ١٩٥٩، ص ص١٥٩؛ غالـب، ١٣٢١، ص٣٦٥). هەروەهـا سـەبارەت بـە دەسـەڵاتی سیاسـی ئەتابەگییـەکان لـە ناوچـە کوردییـەکان کـە حەزیـان لـە لێدانـی دراوەکانـی خۆیـان بـوو، هەروەهـا دراوێکیـان لـێ دەدا کـە نـاوی شـازادەکان و خەلیفـەی عەباسـی هاوشـێوەی دینـار عەباسـی لـە سـەر بـوو (p٣٤٥,١٨٩٧,Poole)).

شـایەنی باسـە هەندێـك دەسـەڵاتی سیاسـی هەبـووە کـە دراوی زیویـان بـەکار هێنـاوە لـە مامەڵـە داراییەکانیـان لـە بازاڕەکانـی هەرێمـی جەزیـرە لەوانـە میرنشـینی مەڕوانیـە کـە درهەمـی ناوەخۆییـان چەنـد هێنـدە بـووە لـە کانـزای زیـو دروسـت کرابـوون (p٣٧,٢٠٠٢,Sadiq). جگـە لـە دراوی ناوەخۆیـی، زۆرینـەی میرنشـینەکە پشـتی بـە دراوێـك دەبەسـت کـە بیانـی بـوو بـە ئارمانووسـی(الارمانوسي) نـاسراوە [١٠]. ئامـاژە بـەوە کـراوە کـە دینـاری بیزەنتیـن بـە شـێوەیەکی بەرفـراوان لـە مامەڵـەی بازرگانیـدا بـەکار دەهێـنران لەگـەڵ گرێبەسـتە داراییـەکان (الفارقـي، ١٩٥٩، ص ص١٥٩، ١٦٧، ٢٢٠؛ عـزت، ٢٠٠٢، ص٢٢)، ڕەنگـە ئەمـەش بـۆ ئـەوە بگەڕێتـەوە کـە دینـاری ئەرمانـووس، لـە ڕووی قەبـارە و کێشـەوە، مەرجـە یاسـاییەکانی دراوی وەك پێویسـت جێبەجـێ نەکردبێـت.

شـایەنی باسـە لـە هەندێـك سـەردەمدا دراو تەنهـا لـە یـەك شـار و شـوێنی دیاریکـراودا لـێ نـەدراوە، ئەمـەش بـە هـۆی ترسـی میـرەکان لـە ساختەکاریی پارەکـەدا، لەوانـە ڕۆڵـی لێدانـی درهـەم لـە میرنشـینی مەڕوانییـە کـە پەیـڕەوی ئـەم سیسـتەمەیان کـردووە، بۆمـان دەردەکەوێـت کـە زۆربـەی شـارەکانی میافارقیـن و ئامـەد و جەزیـرەی ابـن عومـەر و نوسـەیبین و دنیسـیر و خـەلات... هـتر دراوەکانیـان لـێ داوە و ئەمـەش باشـترین بەڵگەیـە لەسـەر ئـەوەی کـە درهـەم لـە یـەک شـاردا لـێ نـەدراوە، لێـرەدا تیشـک دەخەینـە سـەر چەنـد درهەمێکـی مەروانـی، لەوانـە ئـەو درهەمـە زیوینانـەی کـە لـە سـەردەمی میـر "الممهـد الدولـة" لـێ دراون (الفارقـي، ١٩٥٩، ص٨٠؛ زكي، ١٩٤٨، ص١٠٦). و لـە مۆزەخانـەی ئەسـتەنبوڵ پارێـزراون، ڕووی پێشـەوە لێـی نووسرابـوو: لا الـە الا اللـە وحـده لا شریـك لـە، الغالـب باللـە ممهـد الدولـة ابـو منصـور؛ ڕووی پشـتەوەی لێـی نووسرابـوو: اللـە محمـد رسـول اللـە صـلی اللـە علیـە وآلـە القـادر باللـە الملـك بهـاء الدولـة قطـب الملـة.

هەروەهـا میـری بەناوبانگـی دیاربەکـر "نـصر الدولـة ابـو نـصر محمـد" درهەمـی زیـوی تایبـەت بـە خـۆی لـێ داوە لـە مـاوەی نێـوان سـاڵانی ٢٠٧/ ١٠١٧ز(٣٣٩.P ,١٨٩٧,Poole (. ١٠١٨/٤٠٨، ١٠١٩/٤٠٩، ١٠٢٠/٤١٠، ١٠٢١/٤١١، ١٠٢٢/٤١٢ و ٤١٣/ ١٠٢٣ و ئێسـتا لـە مۆزەخانـەی ئەسـتەنبوڵ پارێـزراون (الفارقـي، ١٩٥٩، ص١٥٩؛غالـب، ١٣٢١، ص ص٣٦٦_ ٣٧٢). نموونـەی ئـەم درهەمـە زیوییانـە بـۆ ئـەم میـرە ئەوەیـە کـە لـە شـاری ئامـەد لـە سـاڵی ٤١٢ ک / ١٠٢٢ز دروسـت کـراون، و بـەم شـێوەیە بـووە ڕووی پێشـەوە لێـی نووسرابـوو: لا الـە الا اللـە وحـده لا شریـك لـە نـصر الدولـة ابـو نـصر محمـد. ڕووی پشـتەوەی لێـی نووسرابـوو: اللـە محمـد رسـول اللـە صـلی

اللـه علیـه والـه القـادر باللـه الملـك شاهانشـاه ابـو شـجاع (غالــب، ١٣٢١، ص ص٣٦٦).

هەروەهــا هەندێــك دەســەڵاتی سیاســی هەبــووە كــە دراوی مســیان بــەكار هێنــاوە لــە مامەڵــە داراییەكانیــان لــە بازاڕەكانــی هەرێمــی جەزیــرە، لەوانــە ئــەوەی لــە ئەتابەگــی شــەنگالدا (٥٦٦_-٦١٧ ك/ ١١٧٠-١٢٢٠ز) لــە لایــەن ئەتابەگــی (عیمادالدیــن زنكــی) یەكــەم ئەتابەگــی شــەنگال، درهەمێكــی مســی لــێ داوە، كــە لــە مۆزەخانــەی هونــەری ئیســلامی لــە قاهیــرە پارێــزراوە، و بــەم شــێوەیە بــووە (ابــن اثیــر، ١٩٦٣، ص٥٥؛ الحسـیني، ١٩٦٦، ص٨٦). ڕووی پێشـەوە "صـورة نـسر ذي رأسـین نـاشر جناحیـه وعـلى صـدره كتـب الامـام أحمـد" واتـا وێنـەی هەڵۆیەكـی دوو سـەرە كـە باڵەكانـی بـڵاو كردۆتـەوە و لەســەر ســنگی نــووسراوە ئیــمام ئەحمــەد؛ ڕووی پشــتەوەی لێــی نــووسراوە: بــن زنــكي الملــك العــادل العــالم عــماد الدنیــا والدیــن زنــكي بــن مــودود. ئــەوەی لەســەر ڕووخســاری "ئیــمام ئەحمــەد" هەڵكەنــدراوە واتــە خەلیفــەی عەباســی، (الناصرالدیــن اللــه٥٧٥-٦٢٢ / ١١٧٩-١٣٢٥ز) كــە هاوچەرخــی ئەتابەگـەكان بـووە، عیمادالدیـن زنكـی بـن نورالدیـن مەحمـود (المقریـزی، ١٩٦٧، ص٣٧، ٣٩؛ الشـیخ، ١٩٨٩، ص١١٨). ئەتابـەگ پارەیـان لـە شـاری شـەنگال لـێ داوە "الفلـوس" [(١١)].

دەتوانیــن ئــەوە بڵێیــن كــە دراوەكان تەنهــا ئــەوە نەبــوو كــە نــاوی دەســەڵاتدارە سیاســییەكانی لــێ نووسرابێــت یاخــود نــاوی خەلیفەكانــی عەباســی لەســەر نووسرابێــت، دراو هەبــووە وێنـەی و باڵنـدەی ئەفسانەیی كـە هەڵـۆی دوو سـەرە، لەسـەری كـراوە، لەوانـە ئـەوەی لـە ئەتابەگـی شـەنگالدا(٥٦٦_-٦١٧ ك/ ١١٧٠-١٢٢٠ز) لــێ دراوە كــە پارەیەكــی مــس بــوو (الرمضــاني، ١٩٧٦، ص٢٥٥).

هەروەهــا ئەتابەگــەكان شــاری هەولێــر، كــە دراوەكەیــان لــە زێــر دروســت كــردووە، دراویــان هەبــوو كــە وێنــەی ئاژەڵــی لەســەر هەڵكەندرابــوو، وەک وێنــەی كەســێک كــە لەسـەر پشـتی شـێرێك بـووە، لەوانـە وێنـەی كەسـێک كـە لەســەر كورســییەكی تەخــت دانیشــتووە و چەقۆیەكــی بــە دەســتەوەیە و كڵاوێكــی لەســەر ســەری بــووە، هەروەهــا ئــەم دراوانــە گەڕانــەوە بــۆ ســوڵتان موزەفــەر الدیــن (الرمضــاني، ١٩٨٤، ص٥٩١؛ الحسـیني، ١٩٦٦، ص١٣٩). پێدەچێـت ویسـتبێتی ڕووالەتــی هێــز و دەســەڵات نیشــان بــدات،

هەروەهــا ئەتابەگــەكان لــە جەزیــرەی ابــن عومــەر ســاڵانی ٥٥٦_-٦٤٨ ك / ١١٦١_-١٢٥٠ز ((poole,١٨٩٧,p.٣٤٥ ئەوانیـش دراوی مسـیان لـێ داوە. كـە لـە سـەردەمی ئەتابـەگ "معزالدیــن ســنجار شــا" بــووە، لــە ســاڵی (٦٠٠ ك/ ١٢٠٣ز) لــێ دراوە (د. عــماد الدیــن خلیــل، ١٩٨٥، ص٧٦؛ الحســیني، ١٩٦٦، ص١٣٤). ڕووی پشـتەوەی: وجـود زخرفـة نقشـت داخـل دائرتـین احداهـا "وهـي الداخلیـة" منسـوجة، و الثانیـة "وهـي الخارجیـة" بخـط غـیر منسـوج؛ واتـا نەخشـێكە كـە لەنـاو دوو بازنــە نــووسراوە یەكێكیــان لــە ڕووی ناوەوەیــە نووســینەكەی واتــا هەڵكەنــدراوە دووەمیــان بــۆ دەرەوەیــە نووســینەكەی هەڵكەنـدراوە، ڕووی پشـتەوەی لێـی نووسرابـوو: الامـام الاعظـم النــاصر لدیــن اللــه امــیر المؤمنــین.

هەندێــك دەســەڵاتی سیاســییش هەبــووە كــە دراوی زێڕیــان لــە مامەڵــە داراییەكانیــان لــە بازاڕەكانــی هەرێمــی جەزیــرە بــەكار هێنــاوە، لەوانــە شــاری هەولێــر لــە ســەردەمی ئەتابەگــدا ڕۆڵــی دروســتكردنی پــارە بــە خــۆوە بینیــوە (حســین، ١٩٧٦، ص٣٤٤_ ٣٤٧). كاتێــک ســوڵتان (مظفرالدیــن) دینــاری زێڕینــی (٥٨٦_-٦٣٠ك / ١١٩٠_-١٢٣٢ز) داڕشــت كــە هەندێكیــان ئێســتا لــە مۆزەخانــەی بەریتانیــان و هەندێكــی تریـان لـە مۆزەخانـەی ئەسـتەنبوڵ (الحسـیني، ١٩٦٦، ص٦٩). لەنێـو نموونەكانـدا دینـاری زێڕینـی تێیدایـە (المهـدي، ٢٠٠٢، ص ص ١٠٤، ١٠٩). ڕووی پێشـەوەی لێـی نووسرابـوو: الامـام لا الـه الا اللــه وحــده لا شریــك لــه المســتنصر باللــه أمــیر المؤمنــین. ڕووی پشـتەوەی لێـی نووسرابـوو: الكامـل محمـد رسـول اللـه صـلى اللـه علیـه وسـلم ملـك الامـراء كوكـبري.

هەروەهــا میرنشــینی "الارتقیــە" [(١٢)] ڕۆڵێكــی گەورەیــان لــە لێدانــی دراودا هەبــووە لــە شــارە كوردییەكانــی هەرێمــی جەزیــرە، لەوانــە میرنشــینی ئامــەد، حســن كیفــا، ئیمارەتــی ماردیــن، میافارقیــن، و پاشــان میرنشــینی خرتــبرت، دەســتی بــە كاری لێدانــی دراو كــرد بــۆ مامەڵــە بازرگانییــەكان (minorsky,١٩٨٧,p٢٧٤). ئەرتەقییــەكان دوو شــێوازی جیاوازیـان پەیـڕەو دەكـرد لـە لێدانـی دراوی زێـڕ و زیـو و مــس كــە بازرگانییــان پێــوە دەكــرد، درهــەم و دینــارەكان وێنەیـان لەسـەر بـوو بـە هەمـان، شـێوە دراوە مسەكانیشـیان

وێنـەی جوانـی تێـدا بووکـە جۆرێـک لـە وردبینـی تێـدا بـەدی دەکرێـت (الرمضـاني، ١٩٧٢، ص ص٧٧ ومـا بعدهـا). لـە نێـو ئـەو دراوانـەدا، کـە تیایـدا باسـی خەلیفـە الناصرالدیـن اللـە کـراوە، کـە دراوێـك هەیـە کـە لـە مۆزەخانـەی عێراقـدا پارێـزراوە کـە سـەر بـە شـازادە حسـام الدیـن یولـق ئەرسـلانە، کـە لـە سـاڵانی ٥٨٠_-٥٩٧ ک /١١٨٤-_١٢٠٠ز حوکمـی ماردینـی کـردووە، و ئەویـش بـەم شـێوەیە بوو(عبـاس، ١٩٨٩، ص١٤٢). ڕووی پێشـەوەی: "صـورة رجـل متربـع ویحمـل بیـده الیمنـی سـیفا والیـسری رأس رجـل"، واتـا وێنـەی پیاوێـک لەسـەر ئەژنـۆی، شمشـێرێکی بـە دەسـتی ڕاسـتی و سـەری پیاوێـک لـە دەسـتی چەپـی. ڕووی پشـتەوەی لێـی نووسرابـوو: النـاصر لدیـن اللـە أمـیر المؤمنـین الطـوق الأول: الملـك الافضـل عـلي الملـك الظاهـر غـازي بـن الملـك النـاصر الطـوق الثـاني: حسـام الدیـن یولـق ارسـلان ملـك دیاربکربـن ایـل غـازي.

سـەبارەت بـە شـار و ناوچـە کوردییـەکان کـە ملکەچـی دەوڵەتـی ئەیوبـی بـوون یـان پەیوەسـتبوون بـە دەوڵەتـی ئەیوبـی، میرەکانیـان پارەیـان لـێ داوە و ئـەوەش لەسـەر بنەمـای ئـەو سیسـتەم و دابونەریتانـە بـوو کـە پەیـڕەوی دراولێدانـی پێـش خۆیـان دەکـرد (ابـو شـامة، ١٩٦٢، ج٣، ص١٥٢؛ الغسـاني، ١٩٧٥، ص٢٧٥؛ الطراونـة، ١٩٩٢، ص٣٢). بـەڵام ئـەوەی تایبەتمەندیـی ئـەو پارەیـە بـوو لـەو سـەردەمەدا، نەبوونـی لێدانـی زێـڕ بـوو لـە نێـو ئەیوبییەکانـدا سـەبارەت بـە دینـاری زێڕیـن، جگـە لـە چەنـد ئاماژەیـەک بـۆی، لەوانـەش لێدانـی بـۆ دینـاری زێڕیـن لـە شـاری نوسـەیبین وە دینـاری میـسری، واتـە لـە شـام و میـسر لـێ دراوە و دیـاردەی نەدانانـی دراوی زێـڕ یـان لێدانیـان لـە شـارەکانی ناوچـەی جزیـرەدا دەگەڕێتـەوە بـۆ کاریگەریـی جەنگـی خاچپەرسـتەکان لـە هـەردوو وڵاتـی میـسر و شـام، هەروەهـا قاچاخکردنـی زێـڕ بـۆ ڕۆژئـاوا لـە ڕێگـەی شـارەکانی شـامەوە (التکریتـي١٩٨١، ص ٣٨٨). جگـە لـە ئاسـانکاریی دەسـتکەوتنی کانـزای زیـو و مـس لـە ئێـران (خلیـل، ١٩٨٠، ص١٨٨). لێـرەدا ئامـاژە بـە یـەک جـۆری پـارەی "مصـور" دەکەیـن کـە لـە شـاری میافارقیـن لـە سـەردەمی الملـك الاشرف مـوسی الایوبیـی ٦٠٩_٦١٧ کۆچـی / ١٢١٢_-١١٢٠ ز نەخشـێنراوە و ئێسـتا لـە مۆزەخانـەی عێراقدایـە (الدلیمـي، ٢٠٠٣، ص ص١٧٢، ٢٣٢).

لـە ڕووی پێشـەوەی نـووسراوە: رسـم ادمـی مثنـی رکبتـه و یبـده کـرة وعلـی یمینـة کتـب سـنة اثنـا عـشر وسـتمائة. واتـا وێنـەی پیاوێکـە کـە ئەژنـۆی نوشـتاندۆتەوە لـە دەسـتی تۆپێکـی گرتـووە لەسـەر دەسـتی ڕاسـتیشی سـاڵی شـەش سـەد و دوازدە نـووسراوە. ڕووی پشـتەوەی لێـی نووسرابـوو: الامـام الناصرلدیـن اللـه امیـر المؤمنیـن.

سـەبارەت بـە مامەڵەکانـی ئێسـتایان لەگـەڵ "القراضـة" بازرگانییـان کـردووە، کـە بـەش بەشـە دینارەکـە (ابـن ابـی عذیبـة، ورقـة ٣١٢). سـەبارەت بـە بەشـی زۆری دینـاری براویـش پێـی دەوترێـت "مثلـوم" (ابـن خلـکان، ١٩٧٧، ص١٤٨؛ ابـن ابـی عذیبـة، ورقـة ٣١٢). مامەڵەکـە لەگەڵیـدا و بـە پارچـەی بچـووک پێکـەوە ئەنجـام دەدرا و بـە شـێوەیەکی بـاو لـە ئۆپەراسیۆنەکانی مامەڵەکردنـی دراودا (الـدوری، ١٩٧٤، ص٢٢٠). بـە تایبـەت لـە شـاری هەولێـر و شـارەکانی دیکـەی جەزیـرە بـەکار دەهێـنران (ابـن خلـکان، ١٩٧٧، ص١٤٨ ؛.ابـن ابـی عذیبـة، ورقـة ٣١٢).

هەروەهـا فەقێیـەکان مامەڵەکـردن بـەو جـۆرە دراوە قەدەغـە کـرد، چونکـە بـە جۆرێـک لـە ڕیبایـان دەزانـی چونکـە پاڵنەرەکـەی قازانجێکـی نایاسـایی دەویسـت (خلیـل، ١٩٨٥، ص٦٣). کاتێـک ئـەم دراوە وەک لایەنێکـی باشـی پـارە لێـی وەرگیـرا ئـەو پارەیـە لـە ناوچـە کوردییەکانـدا لـە ڕۆڵێکـدا بـە نـاوی ڕۆڵـی چەسـپاندنی داڕێـژراوە (ابـن خلـکان، ١٩٧٧، مـج٧، ص١٤).

بـە هـۆی ئـەوەی دەسـەڵاتی سیاسـی لـەم هەرێمـەدا بـەردەوام لەگۆڕانکاریـدا بـوو، دراوەکانیـش بـەردەوام دەگـۆڕان، بۆئـەم مەبەسـتە شـوێنێکیان دامەزرانـد کـە وەک دامەزراوەیـەک، یـان شـوێنێك بـوو کـە ئەرکـی گۆڕینـەوەی پـارەی کۆنـی بـە نوێـی هەبـوو کـە خـەرج دەکـرا یـان کـە دەسـەڵاتێکی سیاسـی هەڵوەشـایەوە و دەسـەڵاتدارێکی تـر شـوێنی دەگرتـەوە و دراوێکـی تایبـەت بـە خـۆی لـێ داوە، هەروەهـا دەسـتەبەرکردنی ژمـارە نوێیەکانیـان، و بڕێکـی زۆر لـە کانـزا بـە نرخـەکان وەک زێـڕ و زیـو و مـس، لـە کـۆگاکان لـێ دەدرا (اشراق، ١٣٦٩، ص١٠_١٣) و هەڵدەگیـران، ئەمـەش لـە ژێـر چاودێریـی دەوڵـە ئەنجـام دەدرا، بەرپرسـێکی بەرپرسـیار (بەرپرسـی لێدانـی دراو) بەرپرسـیارێتی ئـەم ئەرکـەی

وەرگرتبــوو، هەروەهــا دادوەرێکیــش هەبــوو سەرپەرشــتیی دڵنیابــوون لــە یاســاییبوونی ئــەو دراوانــەی دەکــرد لــە ڕووی خەتــم و کێشــیەوە، کــە لەلایــەن دامەزراوەکانــی لێدانــی دراو دەردەچــوون (الکامــلي، ١٩٦٦، ص٣٥-_٣٧ ؛ خلیــل، ١٩٦٦، ص٣٨٨).

سەرپەرشــتیارێك هەبــووە کــە سەرپەرشــتیی ناوەڕۆکــی کانــزاکان و ئامێــرەکان و مثقــال و کێشــەکانی پــێ ســپێردراوە (الکامــلي، ١٩٦٦، ص٩٠). یەکێــک لــەو کەســە دیارانــەی کــە لــە ســەردەمی ئەتابەگــدا کــە بەڕێوەبردنــی مالیــی لێدانــی دراوی لــە ئەتابەگــەی هەولێــر پــێ سپێردراوە،عوســمان بــن ئیبراهیــم الرصاصــی بــووە کــە لــە کارەکەیــدا ماوەتــەوە تــا کۆچــی دوایــی ســوڵتان المظفرالدیــن کوکبری لــە ســاڵی ٦٣٠ ك / ١٢٣٣ز (ابــن خلــکان، ١٩٧٧، مــج٧، ص١٤).

ســەبارەت بــە نرخــی ئاڵوگــۆڕی نێــوان دینــار و درهــەم جێگیــر نەبــووە، بــەڵام بــەر هەڵاوســانی بــازاڕ کەوتــووە و ئەمــەش شــتێکی ئاســاییە، بــۆ دینــار دوای ئــەوەی لــە ڕۆژانــی ســەرەتای ئیســلامدا یەکســان بــووە بــە١٠ درهــەم (الکبیــسي، ١٩٧٩، ص٢٤٠.). بــەڵام لــە ســەردەمی عەباســیدا نرخــی ئاڵوگــۆڕی دراو جیــاواز بــووە و لــە قۆناغێکــەوە بــۆ قۆناغێکــی تــر، چونکــە بەگشــتی یــەک دینــار یەکســان بــوو بــە١٠ بــۆ ١٥ درهــەم لــە ســاڵی(٣٠٠ك/ ٩١٢ز) بەهــای دینــار گەیشــتە ١٥درهــەم (.التنوخــي، ١٩٧١، ج٨، ص٢٦). بــەڵام لــە ســاڵی(٤١٨ ك / ١٠٢٧ز) دینــار دابــەزی بــۆ ١٢ درهــەم (.ابــن الجــوزي، ١٩٩٥، ج٨، ص٣١.). بێگومــان ئەمــەش دەگەڕێتــەوە بــۆ پاکــی دراوەکــە و بــڕی کانزاکانــی دیکــەی نــاوی و جــۆری هەریەکێــک لــەو دوو کانزایــەی کــە دروســتدەکران (العــلي، ١٩٩٠، ص١٦٦).

**تەوەرەی سێیەم:**

**نرخــی کاڵاکان لــە بازاڕەکانــی هەرێمــی جەزیــرە لــە نێــوان سەدەکانی٣_٦ ك/ ٩_١٢ز**

هــەروەك زانــراوە هەرێمــی جەزیــرە بەســامانی زۆر نــاسراوە کــە یارمەتیدەربــوو بۆبەرزکردنــەوەی ئاســتی ژیــان و گوزەرانــی دانیشــتوانەکەی. ناتوانرێــت نرخــی کاڵاکان بــەوردی و لــە ســەردەمی جیــاوازدا دیــاری بکرێــت چونکــە جێگیــر نەبــوون هەروەهــا پەیوەندیەکــی پێچەوانــە هەیــە لەنێــوان بــڕی پــارە و نرخــی کاڵاکان، نرخــی کاڵا و خزمەتگوزارییــەکان بەرزبێتــەوە، ئەمــە هاوتایــە لەگــەڵ ئــەوەی بڵێیــن بەهــای پــارە دابەزیوە(مســیحة، ١٩٦١، ص٤٩).

نــرخ بــەم مانایــە پەیوەنــدی نێــوان کاڵاکان لــە لایــەک و پــارە وەک پێوەرێــک بــۆ بەهایــی شــتەکان لــە لایەکــی تــرەوە نیشــان دەدات. نرخــەکان بەپێــی مەرجەکانــی دابینکــردن و داواکاری جــار بــە جــار دەگۆڕدرێــن ملکەچــی گۆڕانــکاری و گۆڕانــن لــە هەمــوو کات و شــوێنێکدا، و ئــەم جیاوازییــە لــە نرخەکانــی نێــوان شــارەکان و ناوچــە جیاوازەکانــدا بنەمــای جوڵــەی بازرگانــی و ئابــووری بــووە (کاظــم، ١٩٨٩، ص٧٦).

لێــرەدا دەبێــت ڕاســتییەکی بخەینــەڕوو، ئەویــش ئەوەیــە کــە نەبوونــی هەندێــك کاڵا بووەتــە هــۆی بەرزبوونــەوەی نرخەکانیــان، بەتایبــەت ئەگــەر خواســت لەســەریان بــە شــێوەیەکی بەرچــاو زیــاد بــکات، بازرگانــان قۆرخــکاری کاڵاکان دەکــەن بــۆ ئــەوەی لــە هەندێــک کاتــدا بــە نرخێکــی گرانــتر بیفرۆشــن. چەنــد هۆکارێکــی گرنــگ هــەن کــەکاری کردۆتەســەر نرخــی کاڵاکان لەشــارەکانی جەزیــرە:

١_ هــۆکاری سیاســی: هۆکارێکبــووە بۆبەرزبونــەوەی نرخــەکان لــە بازاڕەکانــی جەزیــرە کەکاریگــەری لەســەریان بەجــێ هێشــتوە، لەئەنجامــی ململانــێ سیاســیەکانی ئــەم هەرێمــە زیانــی زۆریــان بــە شــارەکانی جەزیــرە گەیانــدەوە. لەوانــە هاتنــی هێزێکــی سیاســی نــوێ بۆناوچەکانــی هەرێمــی جەزیــرە کاریگــەری نەرێنــی لەســەر بەرزبوونــەوەی نرخــی شــتوومەکەکان دروســت دەکــرد وەك ئــەو سیاســەتەی کــە میرنشــینی حەمدانــی [1](٢٩٣_٣٨٠ك/٩٠٥_٩٩٠ز) پــەی ڕەویــان کــرد لــە شــار نوســەیبین لــە نیــوەی یەکەمــی ســەدەی ٤ك/١٠ز لەســەر خەڵکــی نوســەیبین لــە ئەنجامــی زیادەڕەویکــردن لەکۆکردنــەوەی بــاج و بایــەخ نەدانــی بــە لایەنــی ئابــووری لەشــارەکەدا. ئەمــەش کاریگــەری لەســەر ژیانــی خەلکەکــە دروســت کــرد و وایکــرد نرخــەکان بەرزببنــەوە (ابــن حوقــل، ١٩٧٩، ص١٩١ _١٩٢).

هۆکارێکــی دیکــەی بەرزبوونــەوەی نرخــەکان لەشــارەکانی جەزیــرە دەگەڕێتــەوە بــۆ لەشکرکێشــییە دەرەکییــەکان، وەک هێرشــەکانی بیزەنتیــەکان بــۆ ســەر شــارەکانی جەزیــرە، لەوانــە ئــەوەی لــە ســاڵی(٣٥٥ ک /٩٦٥ز)ڕوویــدا، کاتێــک هێرشــیان

کـردە سـەر شـاری ئامـەد و گەمارۆیـان دا، بۆیـە نرخـەکان بـە شـێوەیەکی بەرچـاو لـە ناوخـۆی شـارەکەدا بەرزبوونـەوە (ابـن الاثـیر، ١٩٧٨، ج٧، ص١٩). هەروەهـا بۆجارێکـی تـر نرخـەکان لـە شـاری ئامـەد بـە شـێوەیەکی بەرچـاو بەرزبوونـەوە لـە ئەنجامـی هێرشـەکانی بیزەنتیـەکان بـۆ سەرشـارەکە لـە سـاڵی (٤٢٧ ك/ ١٠٤٠ز)(ابـن الاثـیر، ١٩٧٨، ج٨، ص١١).

هەرچـی سـەردەمی دەسـەڵاتی سەلجوقییەکانیشـە (٤٤٧_٥٩٠ ك / ١٠٥٥_١١٩٤ز) ناسـەقامگیری لـە شـارەکانی جەزیـرە ڕووی دا هێرشـیان کـردە سـەر شـارەکان، ئەمـەش کاریگەرییەکـی دیکـەی دروسـت کـرد لـە بەرزیـی نرخـی کاڵاکان "لـە ئەنجامـی ئـەم ڕووداوانـەد لـە ترسـی تاڵانکـردن، ڕێگاوبانـەکان پچـڕان، بۆیـە نرخـەکان بەرزبوونـەوە و خـواردن و شـتی تریـش دەسـتکەوتنیان مەحـاڵ بـوو، لەوانـە نرخـی چـوار مریشـک بـوو بـە دینارێـک و هەنارێکیـش بـە دینارێـک دەفـرۆشرا" (ابـن الاثـیر، ١٩٧٨، ج٨، ص٧٩).

شـایەنی باسـە گرانیـی نـرخ لـە شـارەکانی جەزیـرە لـە سـەردەمی خوارەزمییـەکان ڕووی دا لـە نێـوان سـاڵانی(٦٢٧و ٦٢٨ک /١٢٢٩و ١٢٣٥ز) لـە دوایـی سـەلجوقییەکان دەسـتیان بـە سـەر شـارە کوردییەکانـدا گـرت و هێرشـەکانیان بـۆ سـەر شـارەکان دەسـتی پـێ کـرد، بەتایبەتـی بـۆ سـەر شـاری خـەلات و داقـوق و ئەوانـی تـر، خەڵـک بـە دەسـت گرانیـی نرخـەوە دەیانناڵانـد، تـا ئـەو ڕادەیـەی کـە شـوێنێك نەبـوو بـۆ فرۆشـتنی خۆراکـەکان (النسـوي، ١٩٥٣، ص ٣٢٠؛ ابـن العـبري، ١٩٩١، ص٢٧٥).

هەروەهـا کاتێـك ئەیوبییـەکان دەسـەڵاتی خۆیـان بـە سـەر ئـەم هەرێمـە و شـارەکانی جەزیـرەدا سـەپاند بڕێکـی زۆر سـەوزایی و بەروبوومـی کشـتوکاڵیان لەنـاو بـردوە لـە شـارەکانی عێـراق و جەزیـرە و دیاربکـر ئەمـەش کاریگـەری لەسـەر بەرزبوونـەوە نرخـەکان هەبـووە وەك ئـەوەی لـە ساڵی (٦٢٠ك/١٢٢٣ز) لەلایـەن ئەیوبیەکانـەوە ڕووی داوە (ابـن واصـل، ١٩٥٧، ج٤، ص ١٣٣). بـۆ جارێکـی تـر لـە ساڵی (٦٢٢ك /١٢٢٥ز)هەمـان شـت ڕووی دایـەوە و دووبـارە نرخـی کاڵاکان لـە بازاڕەکانـدا بـەرز بوونـەوە (ابـن الاثـیر، ١٩٧٨، ج٩، ص٣٥٢). جگـە لـەو کارەسـاتانەی کـە بـە هـۆی ململانێـی مرۆیـی ڕوویـان دا، وەک سـەرهەڵدانی فیتنـە و نائارامـی سیاسـی و لەشکرکێشـی و تاڵانـکاری و هـی تـر. شـایەنی باسـە هەمـان شـت ڕووی دا، کاتێـک مەغۆلـەکان (٦ك/١٢ز). هاتنـە سـەر دەسـەڵات و هێرشـەکانیان بەتایبەتـی بـۆ سـەر شـارەکانی میافارقیـن، ماردیـن، هەولێـر و ئەوانـی تـر دەسـت پـێ کـرد، دووبـارە بـەم هۆیـەوە گرانـی و لەناوچـوون بەربـڵاو بـووەوە ئەمـەش کاریگـەری لەسـەر بەرزبوونـەوەی کاڵاکان بەجـێ هێشـت وەک چـۆن لـە پێشـتردا نەبینـرا بـوون (الهمـداني، د.ت، مـج٢، ج١، ص٣٢٥، عـزت، ٢٠١٤، ص ٢٣٠_٢٣٢).

٢_ هـۆکاری سروشتی: هۆکارێکـی تـر بـوو کـە کاریگەریـی زۆری لەسـەر بەرزبوونـەوەی نرخـی کاڵاکان هەبـووە. هـۆکارە سروشـتییەکانی وەک بارانباریـن و لافـاو و بـە فرێکـی زۆر و بوونـی ئافاتەکانـی کشـتوکاڵی و ئەوانـی تـر کاریگەرییەکـی بەرچاویـان لەسـەر ناسـەقامگیری و بەرزبوونـەوەی نرخـەکان لـە لەشارەکانی جەزیـرە هەبـووە؛ ئامـاژە بـە چەندین کارەسـاتی سروشـتی کـراوە کـە ڕۆڵـی کاریگەریـان لـە بەرزکردنـەوەی نرخـەکان هەبـووە لـە سـەرووی ڕێـژەی سروشـتی خۆیانـەوە. هەروەهـا یەکێـك لـەو ڕووداوانـە ئەوەبـوو کـە خەڵکـی شـاری دیاربەکـر بەهـۆی نەبارینـی بـاران و وشکەسـاڵییەوە و بـۆ ماوەیەکـی زۆر بـە دەسـت نرخـە بەرزەکانـەوە دەیانناڵانـد کـە ئـەم ڕووداوەش لـە ساڵی (٣٥٤ ك/ ٩٦٤ز) ڕووی داوە (ابـن تغـري بـردي، ١٩٥٣، ج٣، ص ٣٣٩).

لەلایەکـی دیکـەوە هەرکاتێـک بـاران باریـن درەنـگ بکەوتایـە ئـەوا لـەو سـاڵەدا کشـتوکاڵ کـەم دەبـووەوە و ئەمـەش کاریگەریـی زۆری لەسـەر نرخـی کاڵاکان دروسـت دەکـرد وەك ئـەوەی لـە ساڵی(٤٢٢ ك/ ١٠٣١ز) ڕوویـان دا لـە هەندێـک لـە ناوچەکانـی هەرێمـی جەزیـرە کـە نرخـەکان بـە شـێوەیەکی بەرچـاو بـەرز ببوونـەوە (ابـن الجـوزي، ١٩٩٥، ج٨، ص ٦٠). هەروەهـا بارانباریـن کاریگەرییەکـی زۆری لەسـەر بەروبومـی کشـتوکاڵی و نرخـەکان هەبـووە، بەتایبەتـی کاتێـك بـاران بەکەمـی دەبـاری، بـۆ نموونـە کـە لـە ساڵی(٥٧٤ ک/ ١١٧٨ز)بارانباریـن لـە زۆربـەی شـارەکانی جەزیـرە دوا کـەوت ئەمـەش کاریگەریـی خسـتە سـەر بازاڕەکانـی و نرخـەکان بەرزبوونـەوە (ابـن الاثـیر، الکامـل، ١٩٧٨، ج٩، ص١٤٥) بەتایبەتـی لـە هەرێمـی جەزیـرە وشاری دیاربەکـر بەتایبەتـی بەرزبوونـەوەی نرخەکانـی بەخـۆوە بینیـەوە بـەرز بوونەتـەوە

لەوانــە نرخــی ســێ شــاتل (مکوکیــن) جــۆ گەیشــتە دینارێــک (ابــن الاثــير، ١٩٧٨، ج١٠، ص٩٢).

شــایەنی باســە جگــە لــە هــۆکارە سروشــتی و سیاســییەکان هۆکارگەلێکـــی تـــر هەبـــوون کـــە کاریگەرییـــان لەســـەر بەرزبوونـــەوەی نرخـــەکان هەبـــووە لـــە بازاڕەکانـــی هەرێمـــی جەزیــرە لەوانــە دەرکەوتنــی ئاژەڵــی جــورج بــوو کــە بووەتــە هـــۆی بەرزبونـــەوەی نـــرخ لـــە هەندێـــک لـــە شـــارەکانی هەرێمــی جەزیــرە لــە ســاڵی (٤٠٨ ک/٩٦١ز) نرخــەکان لــەو ســاڵەدا بــە شــێوەیەکی بەرچــاو بــەرز بــووەوە بــە تایبــەت نرخـــی خـــۆراک (ابـــن العـــبري، ١٩٩١، ص٦١).

هەروەهـــا بڵاوبونـــەوەی نەخۆشـــی و پەتـــا هۆکارێکـــی تـــر بـــوو بـــۆ بەرزبونـــەوەی نرخـــی کاڵاکان بەتایبـــەت لـــە ساڵی(٤٣٩ ک/ ١٠٤٧ز) کــە لــە ناوچەکانــی جەزیــرە ڕوویــان دا "تــا بــازاڕەکان چــۆڵ بــوون و نرخــەکان بــەرز بوونــەوە" (ابــن کثــير، ١٩٨٨، ج١٢، ص٦١). جارێکــی تــر، ئــەم پەتایــە ســەری هەڵداوەتــەوە لــە جەزیــرە لــە ســاڵی(٤٤٠ک/ ١٠٤٨ز) نرخــەکان دووبــارە بــە شــێوەیەکی بەرچــاو بەرزبوونەوەیــان بــە خۆیانــەوە بینییــەوە (ابــن الاثــير، ١٩٧٨، ج٨، ص٤٦). نــاو بــە نــاو کارەســاتەکان شــارەکانی جەزیرەیــان دەگرتــەوە، پەتاکــە بــە جەزیــرە و عێراقیشــدا تەشــەنەی کــرد و نرخەکانیــش لــە ڕادەبــەدەر بــەرز بوونــەوە تــا لەبــازاڕەکان بــووە هــۆی کەمیــی کەلوپەلــی خــۆراک و پێداویســتییەکان ئەمــەش لــە ســاڵەکانی (٤٤٥ك/١٠٥٣ز) و (٤٤٨ ک / ١٠٥٦ز) ڕوویـــان داوە (ابـــن أبي اصيبعـــة، د.ت، ص٣٢٧؛ ابـــن الجـــوزي، ١٩٩٥، ج٧، ص١٧٠).

ســەبارەت بــە ڕووداوەکانــی ســاڵی(٦٢٤ ک/١٢٢٧ز) لــە ناوچەکانــی جەزیــرە بەرزبوونــەوەی نرخەکانــی بــە خــۆوە بینــی لەوانــە نرخــی دوو شــاتل(رطل) گەنــم بــە یــەك دینــار و دو وعەیــارە بــوو، جــۆ ســێ شــاتل (رطــل) بــە یــەك دینــار و دوو عەیــارە (ابــن الاثــير، ١٩٧٨، ج١٠، ص ص ٤٧٤، ١٥٧).

دەســەڵاتی خۆجێــی هیــچ ڕێوشــوێنێکی تونــدی بەرامبــەر پرســـی بەرزبونـــەوەی نرخـــی کاڵاکان نەگرتەبـــەر تاکـــو چارەســەری بــکات، ئێمــە هیــچ نرخێکــی فەرمیــمان نەدۆزیــەوە کــە خەڵــک بتوانــن پێداویســتییە ســەرەتاییەکانی کاڵاکانیــان بــە دەســت بهێنــن، ئــەو پێداچوونەوانــەی کــە بــە ســەرچاوەکان دەیانکەیــن تەنهــا چەنــد ڕێکارێکــی تاکگەرایــی دەدۆزنــەوە کــە لــە لایــەن دەوڵەتــەوە جێبەجــێ کــراوە لــە حاڵەتــە پێویســتییەکاندا کــە ڕۆڵیــان لــە هەرزانکردنــی نرخــی کاڵاکان هەبـــووە. وەک هەوڵەکانـــی میـــر نـــصر الدولـــەی مەروانـــی ڕۆڵــی هەبــوو هەرزانکردنــی نرخــەکان و نەدانــی دەرفــەت بــە قۆرخــکارەکان بــۆ بەرزکردنــەوەی نرخــی خواردنــی خەڵــک (الفارقــي، ١٩٥٩، ص٩٢؛ ابــن الجــوزي١٩٩٥، ج٨، ص٢٢٣؛ ابــن الاثــير، ١٩٧٨، ج٨، ص٩٢؛ الذهبــي، ٢٠٠٢، ص٣٣٩).

شــایەنی باســە نرخــی کاڵاکان گۆڕانــی بــە ســەر داهــات کاتێــک تەتــارەکان چــوون بــۆ میافارقیــن، دەســتیان بــە ســەردا گــرت. لەوانــە نرخــی شــاتلێك گەنــم بــوو بــە چــل و پێنــج هــەزار درهــەم و یــەك (رطــل) نــان بــە شــەش ســەد درهــەم، گۆشــتی هەمــوو جــۆرە ئاژەڵێــک، یــەك کیلــۆ بــە شــەش ســەد درهــەم، یــەک (رطــل) شــیر بــە حــەو ســەد درهــەم و یــەک ئۆنســە هەنگویــن بــە شــەش ســەد درهــەم، پیــاز بــە پەنــج او ســێ درهــەم و مانگایــەک بــە حــەوت هــەزار درهــەم و ئۆنســێک دەفــرۆشرا، چــەرم بــە یــەك لیــرە و چــل درهــەم، ترێــش بــە پانــزە درهــەم دەفرۆشرا(ابــن شــداد، ١٩٧٨، ق٢، ج٣، ص٥٠٧_٥٠٨).

ئــەو هــۆکارە سروشــتی و سیاســیيانەی کــە باســمان کــرد، کاریــان کــردە ســەر نرخــی بــازاڕ، ئــەم کردارانــەش لــە هەرزانــی و هەندێــك جــار لــە گرانــی نرخــی کاڵاکان بــە دیــار دەکەوێــت. دەتوانیــن بڵێیــن لــە هەندێــك کاتــدا نرخــی کاڵاکان هــەرزان بــوو و داهــات زۆر بــوو، هەرزانــی نرخــەکان لــە هەرێمــی دورگەکــە ســەرنجی زۆرێــك لــە وڵاتناســان و گەشــتیارەکانی بــە لای خۆیــدا ڕاکێشــاوە وای کــردووە لــە کتێبەکانیانــدا باســی بکــەن، ئەوەتــا نــاسر خــوسرە و ســەردانی شــاری ئەرزانــی کــردووە و دەڵێــت: نرخـــی تـــرێ لـــە بـــازاڕی میـــوەدا، لـــەوێ گەلـــی کـــورد دوو ســەد (الرطــل) تــرێ بــە دینارێــك دەفرۆشــن(ناصر خــسرو، ١٩٩٣، ص٣٥ ؛ یوســـف، ج٢٥، ص ١٧٤ _ ١٧٥). و پێیـــان دەوت (تــرێ razarmanouche رزار مانوش)[١٣] هەروەهـــا شـــاری نوســەیبین "لــە ســەرەتای ئیســلامەوە ئــەم شــارە بــە زۆری میــوە و هەرزانــی نــرخ نــاسراوە" (ابــن حوقــل، ١٩٧٩، ص١٩١). هەروەهــا لــە شــارەکانی تــل فافــان و بــە عیناثــا بــە هەرزانــی نرخــی کاڵاکان نــاسراون (المقــدسي، ٢٠٠٢، ص ١٢٥).

ئــەوەی شــایەنی باســە لەگــەڵ گرانــی کاڵاکان هەندێــك

جار لە هەندێك شار نرخی کاڵاکان بە هەرزان فرۆشراون بۆ نموونە لە ڕووداوەکانی ساڵی (٦٢٤ ک / ١٢٢٧ ز)دا ئاماژەی بۆ ئەوە کراوە کە کوردەکان لە بازاڕەکانی زۆزان سەرەڕای بەرزبوونەوەی نرخی گۆشت لەو ساڵەدا، بە درهەم کاڵایان فرۆشتووە "نرخی گۆشت هەموو ساڵێک لەم وەرزەدا بە شەش لیرە (ارطال) و حەوت (قیراط) بوو، ئەمساڵ لیرەیەک (ارطال) بوو بە دوو هێندە (ابن الاثیر، ١٩٧٨، ج ١٠، ص٤٧٥). نرخی دانەوێڵە و گەنم لە میافارقین دە دینار بوو لە سەردەمی حوکمی میر (نصر الدولە) دا (الفارقي، ١٩٥٩، ص ٩٢). بەڵام کاڵا هەبووە بە نرخێکی زۆر دەفرۆشرا وەک بەرد (الاحجار) کە کورد بۆ وردکردنی دانەوێڵە بە کاریان دەهێنا، ئەمەیان لە ئامەدەوە بۆ عێراق هەناردە دەکرا و بە پێنج دینار دەیانفرۆشت (ابن حوقل، ١٩٧٩، ص ٢٠١).

نرخی کاڵاکان لە هەموو ساڵەکاندا وەك یەکن نەبوو، واتا چەسپاو نەبوو و گۆڕانکاری بە سەردا هاتووە جا ئەمە لە ئەنجامی کەشوهەوا و باران بارینەوە بوو بێت، یان هۆکارگەلێکی دیکە بن، بۆ نموونە نرخی دانەوێڵەکان لەوانە نرخی گەنم لە ساڵی(٣٩٢ك/١٠٠٢ز) بەدە دیناربوو (الفارقي، ١٩٥٩ ص٩٢). بەڵام لە ساڵی (٤٢٧ك/١٠٤٠ز) نرخی شاتلێك (مکوك) گەنم بە دینارێك بووە (ابن الاثیر، ١٩٧٨، ج٨، ص١١). و لە ساڵی (٦٢٣ك/١٢٢٥ز) نرخی شاتلێك(مکوك) گەنم بە دینارێك بووە(الغساني، ١٩٧٥، ص٤١٣). لە ساڵی(٦٥٧ك/١٢٥٩ ز) نرخی شاتلێك گەنم بە چل و پێنج هەزار درهەم بووە(ابن شداد، ١٩٧٨، ج٣، ق٢، ص٥٠٧). دەبینین نرخی گەنم دابەزیوە ئەمەش ڕەنگە بە هۆی بارانبارینی زۆر بووبێت لەو ساڵەدا، یان چاندنی گەنمی زیاتر بێت لەلایەن جوتیارانەوە، چونکە گەنم خۆراکی سەرەکیی دانیشتووان بوو ئەمەش وای کردبێت نرخەکەی دابەزی بێت. بەڵام لە ساڵی (٦٨٥ك/١٢٨٦ز) دەبینین نرخی گەنم چوارده دینار بەرز بۆتەوە (.ابن العبري، ١٩٩١، ص٣٣٧). ئەمەش ڕەنگە بە هۆی کەمیی بارانبارینەوە بێت وای کردووە کە نرخەکەی زیاد بکات. هەروەها لە ساڵی (٤٤٨ک/١٠٥٧ز) نرخی نیو(قفیز) برنج بە یە ک دینار بوو، ئەمەش بە هۆی ئەو نائارامییەی ناوچەکەی

گرتبووەوە، بە تایبە ت ئەو ناوچانەی خاوەن زەویوزارێکی بەپیتی کشتوکاڵی بوون و بە هۆی ململانێکانەوە. بەڵام لە ساڵی (٦١٩ك/١٢٢٢ز) نرخی شاتلێك(مکوك) برنج بە پەنجا درهەم بوو، نرخی شاتلێك(مکوك) خوێ بە دە درهەم بوو، نرخی کیلۆیەك شەکری دەگمەن بە سێ درهەم و نیو بوو، نرخی کیلۆیەك شەکری میسری بە دوو درهەم بوو (ابن الاثیر، ١٩٧٨، ج٩، ص٧١). نرخی حەڤدە شاتلێك جۆ لە ساڵی ٦٢٥ك/١٢٢٨ز بە دینارێك بووە (ابن الاثیر، ١٩٧٨، ج٩، ص٤٣٥.).

نرخی هەنگوین گۆڕانکاری بە سەردا هاتووە بۆ نموونە نرخی هەنگوین لە ساڵی (٤٣٨ك/١٠٤٦ز) بە دینارێك بووە (ناصر خسرو، ١٩٩٣، ص٥٠)، کەچی لە ساڵی (٦٥٧ك/١٢٥٩ ز) نرخی هەنگوین بە شەشە سەد درهەم بووە (ابن الاثیر، ١٩٨٧، ج٨، ص ٢٧٩؛ حمید، ٢٠١١، ص.٨). گەر سەرنج بدەین دەبینین نرخی هەنگوین ڕووی لە دابەزین بووە، ئەمەش ڕەنگە بە هۆی زیادبوونی پیشەی هەنگەوانییەوە بوو بێت.

جگە لەمانەی کە باسمان کرد نرخی میوەجاتیش گۆڕانکاری بە سەردا هاتووە بۆ نموونە نرخی ترێ لە ساڵی (٤٣٨ك/١٠٤٦ز) بە دینارێك بووە (ناصر خسرو، ١٩٩٣، ص٥٠.). لە ساڵی (٤٤٠ك/١٠٤٨ز) نرخی مەی (الشراب) بە ½ دینار بوو(ناصر خسرو، ١٩٩٣، ص٥٠). کەچی لە ساڵی (٤٤٨ك/١٠٥٦ز) نرخی دوو رطل مەی بە دینارێك بووە (ابن شداد، ١٩٧٨، ج٣، ق٢، ص٥٠٧). ڕەنگە هۆکاری ئەم دابەزینەی زۆری بەرهەمی ترێ بوو بێت لەم ساڵەدا. هەروەها لە ساڵی (٤٣٩ک/١٠٤٨ز) نرخی هەنارێک بە دوو (قیراط) بووە (ناصر خسرو، ١٩٩٣، ص٥٠). بەڵام دەبینین لە ساڵی(٤٤٨ك/١٠٥٦ز)نرخی هەنارێك بە دینارێك بووە (ابن الاثیر. ١٩٧٨، ج٨، ص٤٦). لەوەوە بۆمان دەردەکەوێت نرخی هەنار دابەزیوە جا بە هۆی زۆری بەروبومەکەوە بێت یان بارینی بارانێکی زۆر هۆکار بێت. سەبارەت بە نرخی پێنج کیلۆ گێزەر بە درهەمێك بوو لە ساڵی(٦١٩ك/١٢٢٢ز) (ابن الاثیر، ١٩٧٨، ج٩، ص٣٦٤.).

هەروەها نرخی ئاژەڵەکانیش جیاوازیان هەبووە بەپێی جۆر و قەبارەیان بۆ نموونە نرخی چوار مریشك لە ساڵی

(٤٤٨ك/١٠٥٦ز)بە دینارێك بوو (ابن الاثیر. الکامل، ج٨، ص٧٩). لە ساڵی ٤٧٧(ك/١٠٨٥ز) نرخی ئەسپێك بە پێنج دینار بوو، نرخی حوشترێك بە یەك دینار بوو (ابن العبري، ١٩٩١ ص١١٧). نرخی گوێدرێژێك بە پێنج درهەم بوو، نرخی مەڕێکی بچووک بە نیو درهەم بوو (الذهبي، ٢٠٠٢، ص١٩). بەڵام لە ساڵی(٦٥٨ك/١٢٦٠ ز) نرخی مەڕێك بە سێ هەزار درهەم بوو (الیونیني، ١٩٥٤، ج١، ص٤٣٢.). لێرەدا دەبینین نرخی مەڕ بەرز بۆتەوە، ئەمەش ڕەنگە بە هۆی کەمیی بارانبارین و کەمیی ئالیکی ئاژەڵ بووبێت.

شایەنی باسە نرخی کەنیزەکەکانیش جیاوازیان هەبووە بەپێی تایبەمەندییەکانیان، بۆ نموونە لە ساڵی (٥ك/ ١١ز) نرخی کەنیزەیەك بە پێنج هەزار دینار بوو (ابن الاثیر، ١٩٧٨، ج٨، ص٩٢). نرخی کەنیزەیەك بەتایبەتمەندیی نایابەوە بە چوارده هەزار دینار بوو (ابن الجوزي، ١٩٩٥، ج٨، ص٢٢٣). لە ساڵی (٥٥٦ك/١١٦١ز) نرخی کەنیزەیەك بە هەزار دینار بوو.

لە ساڵی (٥١٢ك/١١١٨ز) نرخی "رحی" بە حەوت هەزار دینار بوو (الذهبي، ١٩٨٦، ج١٩، ص٢٧٧).

نرخی گۆشت لە ساڵی (٤٤٨ك/١٠٥٧ز) بە یەك (قیراط)بوو، کەچی لە ساڵی(٦٥٧ك/١٢٥٩ ز) نرخی رطلێك گۆشت بە شەش سەد درهەم بوو. دەبینین نرخەکەی دابەزیوە، هەر لە هەمان ساڵدا (٦٥٧ك/١٢٥٩ ز) نرخی رطلێك نان بە شەش سەد درهەم بوو، نرخی رطلێك شیر بە حەوت سەد درهەم بوو، نرخی ئۆنسێك (اوقیە) زەیتی زەیتون بە سێ سەد درهەم بوو (ابن شداد، ١٩٧٨١، ج٣، ق٢، ص٥٠٧ _٥٠٨).

**دەرئەنجام:**

هەڵکەوتە جوگرافییەکەی هەرێمی جەزیرە هۆکارێکی گرنگ بوو بۆ دەوڵەمەندیی خاکەکەی کە وای کردووە ببێتە ناوچەیەکی گرنگ لە ڕووی کشتوکاڵی و پیشەسازی و بازرگانی ئەمەش ڕۆڵی هەبوو لە بووژاندنەوەی بازاڕەکانی.

سیستەمەکانی کێش و پێوانە، ئەم یەکانە لە مامەڵە دارایی و بازرگانییەکاندا گرنگییەکی زۆری هەبوو.

دراوەکان یەکێکن لە ئامرازە گرنگەکانی مامەڵەکردن لە بازاڕدا، چونکە مێژووی هەر سەردەمێك لە ڕێگەی دراوەکەیەوە دەتوانرێت بناسرێتەوە.

دراوەکانیش هەمەجۆر بوون لە کانزایی وەك زێڕ و زیو و مس دروست کرابوون هەر سەردەمێك دراوی تایبەت بەخۆی هەبووە.

بارودۆخی سروشتی وەك ڕێژەی بارانبارین و وشکەساڵی و نەخۆشی کاریگەریی تەواویان لەسەر نرخەکان و بازاڕ بەجێ هێشتووە.

بارودۆخی سیاسی هۆکارێکی تری بەرزبونەوەی نرخەکان بوو لە بازاڕەکانی جەزیرە لە ئەنجامی ململانێکانیان زیانیان بە زۆربەی شارەکانی جەزیرە گەیاندووە.

نرخی کاڵاکان لە هەموو ساڵەکاندا وەك یەك نەبوو واتا چەسپاو نەبووە و گۆڕانکاری بە سەردا هاتووە، جا ئەمە لە ئەنجامی کەشوهەوا و بارانبارینەوە بووبێت، یاخود هۆکارگەلێکی دیکە بن.

**<u>پەراوێزەکان:</u>**

١. ئەتابەگ: لە دوو وشە پێک دێت لە "اتا" یان "اطا" بە واتای باوک، و "بیک" بە واتای شازادە، بە واتای باوک، ئاغا، یان شێخ. نازناوەکە تەنها لە پەروەردەکاری مەملووکەکان (شازادەکان)دا سنووردار نەبوو، بەڵکو ماناکەی فراوانتر بوو، بە جۆرێک وەک نازناوی شەرەف بە دەوڵەتمەداره باڵاکان و فەرماندەکانی سوپا بەخشرا. انظر: القلقشندي، صبح الأعشى، ١٩٨٧، ٤، ج، ص١٨؛ المقريزي، السلوك، جـ ١، ق ١، ص ٤٦

٢. مەغۆلەکان: کۆمەڵێك هۆز بوون کە لە دەشتاییەکانی مەنغۆلیا بڵاو بووبوونەوە، ناوچەکەیان دەکەوێتە نێوان چیا و بیابان، هۆزێکی کۆچەر بوون، لە زستاندا دەچوونە ناوچە دەشتاییەکان و لە هاوینیشدا دەچوونە ناوچە شاخاوییەکان، شاخاوییەکان هێرشیان کردۆتە سەر شارەکانی جەزیرە و تاڵان و کاولکارییان تێدا ئەنجام داوە، الباز العريني، المغول، بیروت، ١٩٨١، ص ٢١. بۆ زانیاریی دەربارەی مەغۆلەکان بڕوانە دکتۆراکەی د. رابیعە فتاح، کوردستان لە سەردەمی ئێلخانی مەغۆل، هەولێر، ٢٠١٩

٣. رطل = ٣٨١,٧٥ گرام. محمد نجم الدين الكردي، لمقادير الشرعيه والاحكام الفقهيه المتعلقه بها، ط٢، القاهره، ٢٠٠٥، ص ٢٦٩

٤. قیـراط = ١/٢٤ ی دینارێـك، واتـە ئەگـەر دینارێـک بکەیـن بـە ٢٤ بیسـت و چـوار بـە شـەوە ئـەوە (قیـراط) یـە ک بەشـە لـەو ٢٤ بیسـت و چـوار بەشـی دینارێـك. المقریـزي، الاوزان و الاکیـال الشرعیـە، حققـە و علـق علیە: سـلطان بـن هلیـل بـن عبدالسـتار، بـیروت، ٢٠٠٧، ص ٦٤؛ محمـد نجـم الدیـن الکـردي، المقادیـر الشرعیـە والاحـکام الفقهیـە المتعلقـە بهـا، ط٢، القاهـرە، ٢٠٠٥، ص٥٢

٥. الکـر = ٦٠ قفیـز = ١٤٦٨,٨ کیلـو گـرام. عـلی جمعـە محمـد، المکاییـل والموازیـن، ص٤٢

٦. المکوک = ٣,٠٥٤ کیلـو گـرام. محمـد نجـم الدیـن الکـردي، المقادیـر الشرعیە، ص٢٦٩

٧. القفیـز = ٢٤,٤٨٠ کیلوگـرام، عـلی جمعـە محمـد، المکاییـل و الموازیـن، ص٤٠

٨. المـن = ٧٧٣,٥ گـرام. علـی جمعـە محمـد: المکاییـل والموازیـن الشرعیـە، القـدس للاعـلان والنـشر و التسـویق، ط٢ القاهـرە، ٢٠٠١، ص ٢٨.

٩. میـر (نـصر الدولـە) ی مەروانـی یەکێکـە لـە بەناوبانگتریـن میرەکانـی میرنشـینی مـەروان کـە لە نێـوان سـاڵانی (٤٠١_٤٥٣ك/ ١٠١١_١٠٦١ز) بـۆ مـاوەی ٥١ سـاڵ فەرمانڕەوایـی میرنشـینەکەی کـردووە. الذهبـي، دول الاسـلام، القاهـرة، ١٩٧٤، تحیقیـق فهیـم محمـد شـلتون و محمـد مصطفـی ابراهیـم، ج١، ص٣٨٩. ابـن تغـري بـردی، م. س، ج٢، ص٦٩؛ محمـد امیـن زکي، مشاهر الکرد و کردسـتان، اعـداد رفیـق صالـح، سـلیمانی ٢٠٠٥، ص٦٤.

١٠. ارمانـوس: یەکێکـە لـەو دراوانـەی کـە لـە هەرێمـی جەزیـرە بـەکار هاتـووە و نـاسراوە بـە دینـاری ئەرمانووسـی. بـۆ زانیاریـی زیاتـر بڕوانـە: الفارقـی، التاریـخ الفارقـی، ص١٥٩. ئـەم دینـارەش دەگەڕێتـەوە بـۆ پاشـایی ڕۆمانییـەکان بـە نـاوی ارمانـوس کـە لـە سـاڵی (٣٥٢ك/٩٦٣ز) کۆچـی دوایـی کـردووە. القلقشـندی، صبـح الاعشـی، ١٩٨٧، ج٧، ص٩_١٠.

١١. افلـوس: وشـەیەکی یۆنانیـە کـە لـە (Flose) وەرگیـراوە و مـەرج نییـە وشـەی فلـوس بـە مانایـی دراوی مـس بێـت، سـەرەڕای بەکارهێنانـی بـاوی و ئامانـج دۆزینـەوەی ئاسـانکاری بـوو بـۆ ئەنجامدانـی کارە بازرگانییـە سـادەکان. عبدالرحمـن فهمـي احمـد، صنـج السـکة في الاسـلام، القاهـرة، ١٩٥٧، ص٣٦.

١٢. میرنشـینی الارتقیـە، ئـەم میرنشـینە سـەر بـە هۆزێکـی تورکـی بـوون بـە نـاوی (الدقـر_doger) کـە بنەچەیـان دەگەڕێتـەوە بـۆ بنەماڵـەی الغـزز (ارتـق بـن اکك) کـە نازنـاوی ضهیرالدیـن بـوو، وە ئـەم میرنشـینە پەیوەندییـان بـە ڕیزەکانـی هێـزی سـەلجوقییەکانەوە کـردووە و هەروەهـا هـۆزی (الدقـر) لـە نێـو ئـەو هـۆزە تورکـە زۆرانـەدا بـوون کـە لـە پێشـڕەوی سـەلجوقییەکان و بنیاتنانـی دەوڵەتـی سـەلجوقیدا بەشـدار بـوون. بـۆ زانیاریـی دەربـارەی الارتقییـەکان بڕوانـە، د. عماالدیـن خلیـل، الامـارةالارتیقـةفـیالجزیـرةوالشـام(٤٦٥_٨١٢ك/١٠٧٢_١٤٠٩ز)

١٣. رز، وشەیەکی کوردییە بە مانایی ڕەزی ترێ دێت.

لیستی سەرچاوەکان:

-**ابـن الاثیر**، عزالدیـن ابـی الحسـن بـن محمـد بـن عبدالکریم المـزری(ت ٦٣٠ك/ ١٢٣٢ز)، (١٩٧٨)، الکامـل فـی التاریـخ، دار الفکـر، بیروت.

_(١٩٦٣)، التاریـخ الباهـر في الدولـة الاتابکیـة بالموصـل، حقیـق عبدالقادر احمـد طلیـمات، جامعـة عیـن الشـمس، مصر

_ **احمد**، اعبدالرحمن فهمي، (١٩٥٧)، صنج السکة في الاسلام، القاهرة

_**اسـماعیل**، فرسـت مرعـی(٢٠٠٥)، الامـارات الکوردیـة في العـصر العباسي الثـاني٣٥٠_٥١١ھ/٩٦٠_١١١٧م، مطبعـة وزارة التربیـة، اربیل.

**اسـماعیل**، زوبـیر بـلال، اربیـل في ادوارهـا التاریخیـة، (١٩٧٠). مطبعـة النعـمان، النجـف

**اشراق**، عبدالـرزاق شـمس، (١٣٦٩ ه.ش)، نختیـن سـکه هـای امبراتـوری اسلام، نـشرت شرکـت اسـتاق، اصفهـان.

**الاصطخـري**، أبـو اسـحاق إبراهیـم بـن محمـد الفـارسي الاصطخـري، المعـروف بالکرخـي (ت ٣٤٦هــ)، (٢٠٠٤). المسـالك والممالـك، دار صـادر، بـیروت

**ایلیـا برشـینایا**، (ت٤٣٧ك/١٠٤٦ز)، (١٩٧٥)، تاریـخ ایلیـا برشـینایا، عربـە وقـدم لـە وعلـق علیـە یوسـف حبـی، بغـداد.

**ابــن أبي اصیبعــة**، موفـق الدیـن ابـو العبـاس احمـد بـن القاسـم (ت٦٦٨ك/١٢٢٩ز)، (د.ت)، عیـون الانبـاء فـی طبقـات الاطبـاء، شرح وتحقیـق نـزار رضـا، منشـورات دار مکتبـة الحیـاة، بیـروت.

**البکـري**، مهـاب درویـش، (١٩٧٨)، الدرهـم الحمداني المحفوظ في المتحف العراقـي، مجلـة المـورود، مـج١، عـدد١_٢، بغداد.

**بـول**، اسـتانلي لـین، (١٩٦٨). طبقـات سـلاطین الاسـلام، حققـە وقابلـە علـی البـصری، دار منشـورات البـصری، البـصری.

**ابـن تغـري بردي**، جـمال الدین ابی المحاسـن یوسـف (ت٨٧٤ك/١٤٧٠ز)، (١٩٥٣)، النجـوم الزاهـرة فـی ملـوك مـصر و القاهیـرة، مکتبـة دار الکتب المصریـة، القاهرة.

**التکریتـي**، محمـود یاسـین **التکریتـي**، (١٩٨١)، الایوبیـون فـی شـمال الشـام و الجزیـرة، دار االرشـید، بغـداد.

**التنوخي**، ابـو علـی المحسـن بـن علـی (ت٣٨٤ك/٩٩٤ز)، (١٩٧١)، نشـوار المحـاضرة و اخبـار المذاکـرة، ج٨، تحقیـق عبـود الشـالجي، بیروت.

**ابــن الجــوزي**، ابوالفــرج عبدالرحــمان بــن علــى(ت ٥٩٧ك/١٢٠٠ز)، (١٩٩٥)، المنتظـم فـى تواريـخ الملـوك و الامـم، ج٧، حققـه وقـدم لـه سـهيل زكار، دار القلـم، بيـروت.

**الحسيني**، صدرالديـن ابي الحسـن على بـن السـيد الامـام الشـهيد ابـى الفـوارس نـاصر بـن علـى، (١٩٣٣)، اخبـار الدولـة السـلجوقية، اعتنـى بتصحيحـه اقـل عبـاد الملـك المتعـال، لاهـور.

**الحسـيني**، محمـد باقـر، (١٩٦٦)، العملـة الاسـلامية في العهـد الاتابـكي، مطبعـة دار الجاحـظ، بغـداد.

**حسين**، محسـن محمـد، (١٩٧٦)، اربيـل فـى العهـد الاتابكـى، مطبعـه اسـعد، بغـداد.

**حمـدى**، احمـدى، الـشرق الاسـلامى قبـل الغـزز و المغولـى، (١٩٥٠)، دار الفكـر العربـى، مـصر

**حميـد**، سـعيد، (٢٠١١)، الكـوارث والاوبئـه في الموصـل خـلال العـصر العبـاسي، مجلـه الدراسـات الموصليـه، العـدد (٣٣)، الموصـل.

**ابـن حوقـل**، ابـو القاسـم محمـد بـن علـى النصيبـى (ت ٣٦٧ك/٩٧٨ز)، (١٩٧٩)، صـورة الارض، بيـروت.

**ابـن خرداذبـة**، ابـى القاسـم عبيـد اللـه بـن عبداللـه(ت ٣٠٠ك/٩١٢ز)، (١٩٨٨)، المسـالك و الممالـك، وضـع مقديمـة و هوامـش محمـد محـزوم، دار احيـاء الـتراث العربـى، بيـروت.

**ابـن خلـكان**، ابي العبـاس شـمس الديـن احمـد بـن محمـد بـن ابي بكـر بـن خلـكان، (ت٦٨١)، (١٩٧٧)، وفيـات الاعيـان و انبـاء الزمـان، تحقيـق احسـان عبـاس، دار صـادر، بيـروت.

**ابـو خليـل**، شـوقي، (١٩٦٦)، الحضـارة العربيـة الاسـلامية و موجـز عـن الحضـارة السـابقة، دار الفكـر المعـاصر، بيـروت.

**خليـل**، د.عمادالديــن، عمادالديــن زنكــى، (١٩٨٥)، مطبعــة الزهــراء الحديثـة، الموصـل

**خليـل**، د.عماالديـن، (١٩٨٠)، الامـارة الارتيقـة فـى الجزيـرة و الشـام(٤٦٥_٨١٢ك/١٠٧٢_١٤٠٩ز)، ط١، حقـوق الطبـع محفوضـة، بيـروت.

**خليل**، عـلاء محمـود، (١٩٨٥)، المغـول فـى الموصـل و الجزيـرة، مطبوعـة بالالـه الكتابـة، رسـاله ماجسـتر، الموصـل.

**الدليمـي**، غالـب ياسـين فرحـان، (٢٠٠٣)، ميافارقـين دراسـة في تاريخهـا السـياسي والحضـاري (٥٧٠_٦٥٨هــ/ ١١٧٤_- ١٢٥٩م)، اطروحـة دكتـوراه، كليـة التربيـة، الجامعـة المسـتنصرية، بغـداد.

**الــدورى**، عبدالعزيــز، (١٩٧٤)، تاريـخ العـراق الاقتصاديـة قـى القـرن الرابـع الهجـرى، نـشر دار المـشرق، بيـروت.

**ديــاب**، احمــد ابراهيــم واخــرون، (١٩٨٤)، تجـارة القوافـل ودورهــا الحضـاري، عهـد البحـوث و الدراسـات العربيـة، بغـداد.

**الذهبـي**، شـمس الديـن محمد بـن احمد بـن عثـمان (ت ٧٤٨ك/١٣٧٤ز)، (١٩٨٦)، سـير اعـلام النبـلاء، تحقيـق شـعيب الارنـؤوط ومحمـد سـعيد العرقسوسـى، مؤسسـة الرسـالة، بيـروت.

تاريـخ الاسـلام حـوادث وفيـات المشـاهير و الاعـلام، (٢٠٠٢)، تحقيـق عمـر عبـد السـلام تدمـرى، النـاشر دار الكتـب العربـى، بيـروت.

**ابـن الرفعـة**، (١٩٨١)، الايضـاح والبيـان في المكيـال والميـزان، حققـه وعلق عليـه عـماد عبدالسـلام رؤوف، مجلـة المـورد، مـج١٠، عـدد٣_٤، بغـداد.

**الرمضــاني**، عبدالواحــد سـعد الديـن، (١٩٧٦)، التأثـيرات الاجنبيــة عـلى السـكة النحاسـية، بحـث منشـور في مجلـة آداب الرافديـن، جامعـة الموصـل، عـدد ٧، الموصـل.

-**الرمضـاني**، عبدالواحـد سـعد الديـن، (١٩٨٤)، التصويـر عـلى المسـكوكات الاسـلامية مجلـة آداب المسـتنصرية، الجامعـة المسـتنصرية، عـدد٩، بغداد.

**ابــن الزبـير**، الرشـيد (ق٥ ك/١١و)، (١٩٥٩)، الذخائـر والتحـف، حققـه محمـد حميـد اللـه، الـتراث العربـى، الكويـت.

**زكي**، محمـد اميـن، (١٩٤٨). تاريـخ الـدول الامـارات الكرديـة في العهـد الاسـلامي، عربـه والراجعـه الاسـتاذ محمـد علـى عونـى، مطبعـة السـعادة، مـصر

(٢٠٠٥)، مشاهر الكرد وكردستان، اعداد رفيق صالح، سليمانى

**ابــو شــامة**، عبدالرحــمان بــن اســماعيل المقدســى (ت٦٦٥ك/١٢٦٦ز)، (١٩٦٢)، الروضتـين فـى الاخبـار الدولتيـن النوريـة و الصلاحيـة، تحقيـق محمــد حلمــى احمــد و محمــد مصطفــى زيــادة، المؤسسـة المصريـة العامـة، القاهـرة.

**ابــن شــداد**، عزالديــن محمــد علــى بــن ابراهيــم(ت ٦٨٤ك/١٢٨٥ز)، (١٩٧٨)، الاعـلاق الخطيـرة فـى ذكـر امـراء الشـام والجزيـرة، تحقيـق يحيـى عبـادة، دمشـق.

**الصابي**، ابـو الحسـن الهـلال بن المحسـن بـن ابراهيـم (ت ٤٤٨ك/١٠٥٦ز) (٢٠٠٣)، الـوزراء او تحفـة الامـراء فـى تاريـخ الوزراءتحقيـق عبدالسـتار احمـد فـراج، دار الافـاق العربيـة، القاهـرة،

**صالـح**، سـعدية محمـد، (١٩٧٩)، نقـود فـترة امـرة الامـراء في العـصر العبـاسي الثـاني المحفـوظ في المتحـف العراقـي، مجلـة المسـكوكات، عـدد ١٠_١١، بغـداد.

**الطراونـة**، خلـف فـارس، (١٩٩٢)، المسـكوكات الايوبيـة دراسـة أثريـة فنيـة، مطبعـة جامعـة اليرمـوك، عـمان.

**عبـاس**، عـلي كاظـم الشـيخ، (١٩٨٩)، مسـكوكات الخليفـة الناصرالديـن اللـه، مطبوعـة بالالـه الكتابـة، رسـالة ماجسـتير، كليـة الآداب، جامعـة بغـداد، بغـداد.

**ابــن العــبري**، ابـو الفـرج جـمال الديـن ابـن تـاج الديـن الملطـى(ت ٦٨٥ك/ ١٢٨٦ز)، (١٩٩١)، تاريخ الزمـان، نقلـة الـى العربيـة الاب اسـحق

ارملـة، دار المـشرق، بيـروت.

**ابـن ابـى عذيبـة،** احمـد بن محمـد بـن عمـر (ت٨٥٦ك/ ١٤٥٢ز)، انسـان العيـون فـى مشـاهير سـادس القـرون، مخطوطة، رقـم ٢٤٨، ورقـة ٣١٢.

**العرينى،** السيد الاباز، (١٩٨١)، المغول، دار النهضة العربية، بيروت.

**العـزاوي،** ايمـان عدنـان، (١٩٨٥)، المسـكوكات الحمدانيـة، مطبوعـة بالالـة الكتابـة، رسـالة ماجسـتير، كليـة الآداب، جامعـة بغـداد، بغـداد.

**عـزت،** د.فائـزه محمـد، (٢٠٠٢)، الاسـواق الكورديـة مـن القـرن الاول الـى السـابع الهجـري، مجلـة جامعـة دهـوك، مـج٣، العـدد٢، دهـوك.

(٢٠١٤)، ژيانـی کۆمەلايەتـی کورد لەنێوان سـەدەکانی (٤_٩ك/١٠_١٥ز)، و: سـەرمەند ئەحمـەد، چ١، چاپخانـەی موکريانـی، هەولێر.

**ابـو عـلي،** محمـد سـلطان وهنـاء خـير الديـن، (١٩٧٢)، الاسـعار وتخصيص المـوارد، النـاشر دار الجامعـات المصرية، الاسـكندرية.

**العـلي،** صالـح احمـد، (١٩٩٠)، الخـراج فـى العـراق، مطبعـة المجمـع العلمـى العراقـى، بغـداد.

**غالـب،** اسـماعيل، (١٣٢١)، مسـكوكات قديمـة اسـلامية قتالوغـى، مطبـة سـى، اسـتانبول.

**الغسـاني،** ابـو العبـاس اسـماعيل بـن العبـاس بـن علـى (ت ٨٠٣ك/ ١٤٠٠ز)، (١٩٧٥)، العسـد المسـبوك والجواهـر المحكـوك فـى طبقـات الخلفـاء و الملـوك، بغـداد، تحقيـق محمـود عبـد المنعـم، دار الجيـل، بغـداد.

**الفارقـي،** احمـد بـن يوسـف بـن علـى بـن الازرق(ت ٥٧٧ك/ ١١٨١ك)، (١٩٥٩)، تاريـخ الفارقـي، حققـه وقـدم لـه بـدوى عبـد اللطيـف عـوض، الهيئـة العامـة لشـؤون المطابـع الاميريـة، القاهـرة،

**ابوالفـداء،** عمادالديـن اسـماعيل ابـن علـى المعـروف بأبـى الفـداء، (ت٧٣٢)، (١٣٢٥)، المختـصر في اخبـار البـشر، تحقيـق د.محمـد زينهـم محمـد عـزب الاسـتاذ يحيـى سـيد حسـين، دار المعـارف، القاهـرة.

**فهمـي،** سـامح عبدالرحمـن، (١٩٧٧)، المكاييـل في صـدر الاسـلام، المكتبـة الفيصليـة، مكـة المكرمـة.

**القلقشـندي،** ابـو العبـاس احمـد بـن عـلي، (ت٨٢١هـ)، (١٩٨٧)، صبـح الاعشـى في صناعـة الانشـاء، شرح و تعليـق محمدحسـين شـمس الديـن، ط١، دار الكتـب العلميـة، بيـروت.

**الكامـلي،** منصـور بـن بعـرة الذهبـى(ت ق٩ ك/ ١٥ز)، (١٩٦٦)، كشـف الأسرار العلميـة بـدار الـضرب، تحقيـق عبدالرحمـن فهمـي، دار التحريـر للطبـع و النـشر، القاهـرة.

**كاظـم** محسـن، (١٩٨٩)، تاريـخ الفكـر الاقتصـادى ابتـداء بنشـأته و انتهـاء بالماركسـية، دار السلاسـل للطباعـة والنـشر، الكويـت.

**ابـن كثير،** عماالديـن ابـو الفـداء اسـماعيل بـن عمـر (ت ٧٧٤ك/ ١٣٧٢ز)، (١٩٨٨)، البدايـة والنهايـة، ج١٢، تحقيـق احمـد ابـو ملحـم و زمـلاءه، القاهـرة.

**الكـردي،** محمـد نجـم الديـن، (٢٠٠٥)، المقاديـر الشرعيـه والاحـكام الفقهيـه المتعلقـه بهـا، ط٢، القاهـره.

**الكرملـى،** انسـتاس مـارى، (١٩٣٩)، النقـود العربيـة و علـم النميـات، تحقيـق و النـشر الاب انسـتاس الكرملـى، الطبعـة العصريـة بالقاهـرة. القاهرة

**الكبيـسي،** حمـدان بـد المجيـد، (١٩٧٩)، أسـواق بغـداد حتـى بدايـة العـصر البويهـى، دار الحريـة للطباعـة، بغـداد.

**محمـد، علـى جمعـه، (٢٠٠١)، المكاييـل والاموازيـن الشرعيـه، القـدس للاعـلان والنـشر والتسـويق، ط٢ القاهـره.**

**محمـد،** د.نيشـتمان بەشـير، (٢٠٠٦)، کـورد و سـەلجوقييەکان، و، ئيدريس عەبدوڵڵا مسـتەفا، چ٢، چاپخانـەی وەزارەتی پـەروەردە، هەولێر.

**محمـد،** د.ئاکـۆ بورهـان، (٢٠٠٨)، ميرنشـينی مەروانـی، گۆڤـاری مێـژوو، کۆمەڵـەی ڕۆشـنبيری مێژوويـی کوردسـتان، چاپخانـەی منـارە، ژ٨، هەولێـر.

**محمـود،** د.احمـد عبدالعزيـز، الامـارة الهذبانيـة الكرديـة في اذربيجـان واربيـل و الجزيـرة الفراتيـة مـن ٢٩٣_٦٥٦هـ/ ٩٠٥_١٢٥٨م، (٢٠٠٢)، مؤسسـة موكريـاني للطباعـة، اربيـل.

**مسـكوية،** ابـو علـى محمـد بـن احمـد بـن يعقـوب (ت ٤٢١ك/ ١٠٣١ز)، (٢٠٠٣)، تجـارب الامـم وتعاقـب الهمـم، تحقيـق سـيد كـسروى حسـن، دار الكتـب العلميـة، بيـروت.

**مسـيحة،** وهيـب، (١٩٦١)، الاسـعار والنفقـات، دار النهضـة العربيـة، القاهـرة.

**المعاضيدي،** .خاشع، (١٩٦٨)، دولة بني عقيل في الموصل، بغداد.

**المقـدسي،** ابـو عبداللـه محمـد بـن احمـد بـن البنـاء البشـارى(ت ٣٨٧ك/ ٩٩٧ز)، (٢٠٠٢)، احسـن التقاسـم فـى المعريفـة الاقاليـم، علـق عليـه ووضـع حواشـيه محمـد اميـن الضنـاوى، دار الكتـب العلميـة، بيـروت.

**مقريـزي،** تقـي الديـن ابي العبـاس احمـد بـن علـى بـن عبدالقـادر العبيـدي المقريـزي (ت٨٤٥)، (١٩٩٧)، السـلوك المعرقـة دول الملـوك، تحقيـق محمـد عبدالقادرعطـا، ج١، مطبعـة دار الكتـاب العلميـة، بيروت_لبنـان.

(٢٠٠٧)، الاوزان والاكيـال الشرعيـه، حققـه و علـق عليـه: سـلطان بـن هليـل بـن عبدالسـتار، بـيروت.

(١٩٦٧)، النقـود الاسلامي المسـمى ب(شـذور العقـود في ذكـر النقـود)، تحقيـق محمـد السـيد علـى، ط٥، منشـورات المكتبـة الحيدريـة، النجف

**المنـاوي،** محمـد عبدالـرؤوف بـن تـاج العارفيـن(ت١٠٣١ك/١٦٢١ز)، (١٩٨١)، النقودوالمكاييـل والموازيـن، تحقيـق رجـاء محمـود السـامرائي، دار الرشـيد االنـشر، بغـداد.

**المهـدي**، سـهام محمـد، (٢٠٠٢)، كنـز مدينـة حـربي الاثريـة، مجلـة المسـكوكات، عـدد ١٤- ١٥، بغـداد

**نـاصر خـسرو**، ابـو معيـن الديـن المـروزى(ت ٤٨١ك/١٠٨٨ز)، (١٩٩٣)، سـفرنامة، ترجمـة يحيـى الخشـاب، الهيئـة المصريـة العامـة للكتـاب، القاهـرة.

**النسـوي**، محمـد بـن احمد (ت ٦٣٩ك/ ١٢٤١ز)، (١٩٥٣)، سـيرة السـلطان جـلال الديـن منكبرتـى، نـشر و التحقيـق حافـظ احمـد حمـدى، ملتـزم الطبـع و النـشر دار الفكـر العربـى، د.م

**الهمـداني**، رشـيد الديـن فضـل اللـه بـن عـماد الدولـة(٧١٨ك/ ١٣١٨ز)، (د.ت،)، جامـع التواريـخ، الترجمـة العربيـة، القاهـرة

**هنتـس**، فالـتر، (١٩٧٠)، المكاييـل و الاوزان الاسـلامية، ترجمـة امـل العسـلى، عـمان.

**ابـن واصـل**، جـمال الديـن محمـد بـن سالم (ت ٦٩٧ك/١٢٩٧ز)، (١٩٥٧)، مفـرج الكـروب فـى اخبـار بنـى ايـوب، تحقيـق جـمال الديـن الشـيال، المطبـة الاميريـة، القاهـرة.

**ياقـوت الحمـوي**، شـهاب الديـن أبـو عبـد اللـه ياقـوت بـن عبـد اللـه الرومـي الحمـوي(ت٦٢٦ك)، (١٩٩٥)، معجـم البلـدان، دارصـادر، بيـروت.

**ابي يوسـف،** يعقـوب بـن ابراهيـم (ت ١٨٢ك/ ٧٩٨ك)، (١٩٩٠)، الخـراج، دار الحداثـة للطباعـة النـشر و التوزيـع، بيـروت.

**يوسـف**، عبـد الرقيـب، (١٩٧٢)، الدولـة الدوسـتكية، ج١، دار ئـاراس للطباعـة و النـشر، بغـداد، (٢٠٠١)، الدولـة الدوسـتكية، ج٢، دار ئـاراس للطباعـة و النـشر، اربيـل.

**اليونينـي**، قطـب الديـن ابـو الفتح موسـى بـن محمـد(ت ٧٢٦ك/١٣٩٥ز)، (١٩٥٤)، ذيـل مـراة الزمـان، مطبعـة مجلـس دائـرة المعـارف العثمانيـة، حيـدر ابـاد_ الدكـن

**Minorsky** ,(1987), V, Mardin ,(E.J. B. Enc. I) ,vol. I ,leiden

**Poole,** Lane, (1897), Stanley, Catalogue of the Collection of Arabic coins beranrd Quaritch, 15 ,London

**Sadiq**, Fuad Taher, (2002), A brief History of Kurdistan with Analyses and comments, Sulaimani

## ملخص

**أدوات المعاملة في اسواق اقليم الجزيرة الفراتية بين قرنين ٣_٦/ ٩_١٢م**

تمتعت اسواق مدن الجزيرة الفراتية بنشاط أقتصادي واسع المدى، حيث استخدمت فيها عمله نقدية مصنوعة من الذهب والفضة و النحاس في عمليات البيع و الشراء كالدينار و الدرهم، التي سكت في فتره القوى المهيمنة على المنطقة. ويجدر بالذكر ان الأسعار في اسواق الجزيرة كانت متفاوته وتختلف من مدينة الى اخرى ومن وقت للاخر، وكانت للمكاييل و المقايس دور كبير في التعامل الاقتصادي في تلك الاسواق في الجزيرة الفراتية.

الكلمات الرئيسية: اقليم الجزيرة، سوق، عملة، المكاييل، الأوزان، سعر



## Abstarct

**Transaction tools in the markets of Al-Jazirah Al-Furati region in the 6_3 AH / 12_9 AD centuries**

The markets of the cities of the Al-Jazirah Al-Furati region enjoyed economic activity widly, and they used in the markets the cities of the Jazira a monetary coin (made of gold, silver, and copper) in buying and selling transactions, such as dinars and dirhams, which were minted during the era of dominant power in the region. The prices in Al-Jazirah Al-Furati region markets were uneven and varied from city to city and time to time, and measures played a major role in economic transactions.

Key words: Al-Jazirah Al-Furati region, market, currency, weight and measurement, price